## 1.0 ئامانج و پێشەکی:

بۆ دەرخستنی ڕێسای ڕەفتاری Amentum لە ناو پێکهاتەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی زانیارییە بەڵگەدارکراوەکانی.Amentum

## 2.0 بواری جێبەجێکردن:

ئەم زانیارایی بەڵگەدارکراوە لەسەر هەموو کارمەندانی Amentum جێبەجێ دەکرێت، بە کارمەندەکانی دامەزراوە یاساییەکانی ژێر کۆنترۆڵی تایبەتیAmentum ـەوە. پێویستە هەموو لایەنە دامەزراوەییەکانی تری وەک وەبەرهێنەرە هاوبەشەکان (Joint Ventures) و کۆمپانیاکانی بەرپرسیارێتی سنووردار (LLC) بگەڕێنەوە بۆ ڕێکەوتننامە پەیوەندیدارەکانی کارکردن و بەڵگەنامە حکومییەکانیان بۆ دیاریکردنی بواری جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێکارەکانی.Amentum

2.1 بە دەر لە :هیچ

## 3.0 سیاسەت:

بەرپرسیارێتییەکان

3.1 پێویستە بۆردی بەڕێوەبەرانی Amentum ئەم سیاسەتە پەسەند بکات و ڕێگەی پێبدات.

3.2 بەڕێوەبەری ڕەوشتەکان و پابەندبوون (خاوەن) هەڵدەسێت بە:

3.2.1 جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی لە ڕێسای ڕەفتاری Amentum بەگوێرەی پێویست.

3.2.2 هەڵسەنگاندنی کارایی ڕێسای ڕەفتار و جێبەجێکردنی کردارە پێویستەکان بۆ باشترکردنی کاراییەکەی.

3.2.3 پێداچوونەوەی ساڵانە بە ڕێسای ڕەفتاری Amentum و نوێکردنەوەی بەگوێرەی پێویست .

## 4.0 تۆمارەکان:هیچ

## 5.0 سەرچاوەکان:

5.1 AM-QUA-PL-0901-AM، بەڕێوەبەردنی زانیاریی بە بەڵگەکراو

## 6.0 هاوپێچەکان:

6.1 ڕێسای ڕەفتار

## 7.0 خشتەی پێداچوونەوەی ڕابردوو:

| خشتەی پێداچوونەوەی ڕابردوو | | |
|---|---|---|
| **ژمارەی پێداچوونەوە** | **بەرواری پێداچوونەوە** | **پوختەی پێداچوونەوە** |
| 0 | 27ـی تشرینی دووەم2024 | بڵاوکردنەوەی سەرتایی وەکو Amentum Holdings, Inc. (“Amentum”) |
| ژمارەی پێداچوونەوە هەڵبژێرە | بەروارێک هەڵبژێرە. | |
| ژمارەی پێداچوونەوە هەڵبژێرە | بەروارێک هەڵبژێرە. | |

ئەم بەڵگەنامەیە زانیاری خاوەندارێتی کۆمپانیای Amentum لەخۆدەگرێت .بەکارهێنان و دووبارە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕێگەپێنەدراو بەبێ مۆڵەتی خاوەنی پرۆسەکە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە؛ و ڕەنگە ببێتە هۆکاری دەرەنجامی یاسایی توند. ئەگەر چاپکرا، کۆنترۆڵ ناکرێت .پێش بەکارهێنانی ئەم بەڵگەنامەیە، خوێنەر بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەمە نوێترین وەشانە لە ڕێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ وەشانی کۆنترۆڵکراو. مافی بڵاوکردنەوە 2024 © دەگەڕێتەوە بۆ .Amentum هەموو مافەکان پارێزراون.

# ڕێسای ڕەفتار

27 ـی تشرینی دووەمی2024

# خشتەی ناوەڕۆک


**پەیامێک لە بەڕێوەبەری جێبەجێکارمانەوە**

**دیدگا-ئەرک-بەهاکانیAmentum**

**پێشەکی**
- دەسپاکیی ئیلهام بەخش لە هەموو کارەکانماندا
- Amentumـی یەکگرتوو، ڕێسایەکی گشتگیر
- پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکان
- پرسیارکردن و بەرزکردنەوەی نیگەرانییەکان
- پابەندبوونمان بە تۆڵە-نەکردنەوە

**پەرەپێدانی شوێنکارێکی سەلامەت و ڕێزدار**
- ژینگە، تەندروستی، و سەلامەتی
- هەمەچەشنی، هەلی یەکسانی کارکردن، و بێ-جیاکاری
- Amentumـێکی دوو لە هەراسانکردن
- مافەکانی مرۆڤ و ستاندەرە جیهانییەکانی کارکردن

**پاراستنی زانیاریی و مۆڵک**
- تۆماری وردیی بازرگانی
- موڵکی کۆمپانیا و کریار
    - پاراستن و بەکارهێنانی دروستی سامانەکانی کۆمپانیا
    - سامانە ماددی و ئەلەکترۆنییەکان
    - زانیاریی خاوەندارێتیی کۆمپانیا
- نهێنیپارێزیی داتا
- زانیاریی نهێنیی و ئاسایشی نیشتیمانی
- نهێنیبوون
- قسەکردن بەناوی Amentum
- چالاکییە سیاسی و خێرخوازییەکان

**کارکردن لەگەڵ کڕیارەکان و هاوبەشە بازرگانییەکانمان**
- مامەڵەکردنی ڕاستگۆیانە و دادپەروەرانە
- بەرهەمە کوالێتیدارەکان و خزمەتگوزارییەکان
- کارکردن لەگەڵ حکومەت
- کارکردن لەگەڵ دابینکاران
- ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان
- دیارییەکان و کات بەسەربردن

**پەیرەوکردنی دەق و ڕۆحی یاسا**
- هاوکاریکردنی لێکۆڵینەوەکان
- بازرگانیکردنی نێوخۆیی
- کێبڕکێی دادپەروەرانە
- دژە گەندەڵی و بەرتیل
- ڕێگریکردن لە سپیکردنەوەی پارە
- پاراستنی شوێنکارێکی دوور لە-ماددەی هۆشبەر
- کاری نێودەوڵەتی

**مەرجی ڕاهێنانی ساڵانەت**

**سەرچاوەی بەسوود**

# پەیامێک لە بەڕێوەبەری جێبەجێکارمانەوە



لە Amentum، ناوبانگێکمان بە کۆمەڵ دروست کردووە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە پێشکەشکردنی کارامەیی نایاب بە کڕیارەکانمان .ئەمەش پابەندبوونمان بە دەسپاکی و ڕاستگۆیی لەخۆدەگرێت. لە سەرانسەری جیهان کڕیارەکانمان متمانەمان پێدەکەن .پێکهاتەی سەرەکی لەو ئاستەی متمانەدا بریتییە لە پابەندبوونمان بە ڕەفتاری ڕەوشتبەرزی، کە بناغەی هەموو ئەو کارە گەورانەی بنیاتناوە کە هاوکارەکانمان لە مێژووی دەوڵەمەند و پڕ دەسکەوتمان ئەنجامیان داوە .

کولتوری ڕەوشتی Amentum لە بەهای سەرەکیماندا باسکراوە کە دەسپاکییەکی نەگۆڕمان هەبێت لە هەموو کارێکدا کە ئەنجامی دەدەین .ڕێسای ڕەفتارمان (“ڕێسا”) ڕێنوێنمانە. ئەمە هەڵسوکەوتی بە ڕەوشت لە نێو کۆمەڵێک بابەتدا پێناسە دەکات و وکو سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوە کاردەکات بۆ هاوکاریکردنمان لە وەرگرتنی بڕیاری ڕەوشتیانە لە هەر شوێنێکی جیهاندا کە کاری تێدا دەکەین . ئەگەر هەرکاتێک کەوتیتە دۆخێک کە دڵنیا نەبوویت چۆن هەڵسوکەوت بکەیت یان گومانت هەبوو کە چ کارێک دورستە ئەنجامی بدەیت، ئەوا بگەڕێوە بۆ ڕێساکە .هەرچەندە ڕێساکە هەموو دۆخێک ناگرێتەوە کە ڕەنگە لە کاردا ڕووبەڕووی ببیتەوە، بەڵام بەرەوە سەرچاوەی جۆراوجۆری یارمەتیی ئاڕاستەت دەکات لە هەر کێشەیەکدا .

هەروەها من هانتان دەدەم کە قسە بکەن .ئەگەر ڕەفتارێک ببینیت یان گومان بکەیت کە سەرپێچی لە ڕێسا، سیاسەتەکان، یان یاساکەمان دەکات، تکایە نیگەرانییەکانت لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت، نوێنەری سەرچاوە مرۆییەکانت، هێڵی گەرمی ڕەوشتەکان، یان سەرکردایەتیAmentum ـدا باس بکە .لە Amentum، ئێمە تۆڵەسەندنەوە لەو کارمەندانە ناکەین کە نیگەرانییەکانیان بە نیازێکی پاک باس دەکەن .لەگەڵ پێشخستنی کۆمپانیا، پێویست دەکات هەمووومان بە شێوەیەک کار بکەین کە لەگەڵ بەها سەرەکییەکانماندا یەکبگرێت و پابەند بە یاسا بێت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی درێژخایەنمان .

بە پەرۆشم و متمانەم بە داهاتووی Amentum هەیە .ڕەهەندێکی سەرەکی لەوەدا بریتییە لە پابەندبوونتان بە هەڵسوکەوتی دەستپاکانە و نایاب لە هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەین لەکاتی پێشکەوتنی پێکەوەییمان بەرەوە داهاتوو. سوپاس بۆ هەموو شتێک کە ئەنجامی دەدەن لەوەی Amentumدەکات بە یەکێک لە کۆمپانیا هەرە متمانەپێکراوەکان لە بوارەکەدا .

دڵسۆزتان ،



**John Heller**

بەڕێوەبەری جێبەجێکار

# Amentum's Vision, Mission, & Values

## Our Mission

Bringing advanced engineering and technology solutions to the most significant challenges in science, security and sustainability

## Our Vision

To create a secure and vibrant future

---

## Our Values

### We realize breakthroughs by continuously reinventing

We apply undaunted curiosity, relentless ambition and boundless imagination to challenge convention and drive progress.

### We deliver on missions by meeting every commitment

We sweat the details, because success on even the largest projects requires consistently and ethically delivering on our promises with quality and integrity.

### We take on challenges with courage

We willingly lean into challenges with the confidence of previous success and with the conviction that, together we can conquer anything we face.

### We embrace diversity and collaboration

We actively seek to learn from others, knowing that the most future-ready solutions are built from communities that respect and include the broadest range of perspectives.

### We believe safety and well-being are integral to success

Physical and emotional security and development are fundamental principles that govern every Amentum workplace and underpin the commitments we make to our communities and planet.

# پێشەکی

## دەسپاکیی ئیلهام بەخش لە هەموو کارەکانماندا

لە Amentum، پابەندییەک هاوبەش دەکەین بە ئەنجامدانی کاری دورست، هەموو ڕۆژێک، لە هەموو کاردانەوەیەکدا، و لە هەموو شوێنێکدا کە کار لێ دەکەین . لەو باوەڕەداین کە ئەم پابەندییە ئەمڕۆ بە باشی خزمەتمان دەکات و بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنمان و بردوان بە گەشەسەندمان لە ساڵانی داهاتوودا .

ڕێساکەمان سەرچاوەیەکی گرنگە لەم ڕووەوە .ئەمە بەها پیشەیی، ڕەوشتی، دارایی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمپانیاکەمان دیاری دەکات .ئەمە ئەو پیوەندانە دیاری دەکات کە لە هەموو کارمەندان چاوەڕوان دەکرێت، و گوزارشت لەو بەڵێنە دەکات کە ئێمە دەیدەین بۆ خزمەتکردنی کڕیارەکانمان، هاوبەشە بازرگانییەکانمان و ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا دەژین و کاردەکەین.

بە دڵنیاییەوە یەک بەڵگەنامە ناتوانێت هەموو یاسایەک، ڕێسایەک، سیاسەتێک یاخود سیناریۆیەک باس بکات کە ڕەنگە لە کاری ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی ببینەوە . ئێمە پەیڕەوێکی ڕێکخراومان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت، ڕێکار و ڕێنمایی (PPI) کە ڕێنوێنێکی نووسراومان بۆ دابین دەکات لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی دۆخەکانی کارکردن لە ناوخۆی کۆمپانیادا .تەواوی سیاسەت، ڕێکار و ڕێنماییمان لەسەر تۆڕی ناوخۆییAmentum دا هەن – بە ”OneJavelin“ ناونراوە . جگە لە ڕێساکەمان، وە سیاسەت، ڕێکار، ڕێنماییمان Amentum، سەرچاوەی تری هەیە کە بەردەستن بۆ هاوکاریکردن .ئەم سەرچاوانە لە سەرانسەری ڕێساکەدا دەسنیشان کراون.

Amentumپشت بە هەموو یەکێکمان دەبەستێت بۆ بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنێکی باش و داواکردنی ڕێنماییکردنی باش کاتێک کە پێویستمان پێبێت، وە لەو دۆخانەدا کە ڕێڕەوی دروستی کارکردن ڕوون نییە، لە خۆمان بپرسین :

- ئایا کارەکەم لەگەڵ یاسا، ڕێساکەمان و سیاسەتەکانی کۆمپانیاکەمان دەگونجێت ؟
- ئایا لەگەڵ ستانداردی کەسیی خۆم بۆ ڕەفتاری پیشەیی دەگونجێت؟
- ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیی، دەسپاکی و ستاندارده بەرزەکانی ڕەفتاری ڕەوشت بەرزیە ؟
- ئایا ئاسوودە دەبم ئەگەر کڕیارەکان، هاوکارەکان، هاوپیشەکان، خێزان یان هاوڕێکان بە کارەکەم بزانن؟

ئەگەر وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە "بەڵێ"بیە، جێبەجێکردنی بڕیارەکە بە ئەگەرێکی زۆر پەسەند دەبێت، بەڵام ئەگەر وەڵامی هەر پرسیارێک "نەخێر" یان "دڵنیا نیم" بێت، ئەوا بوەستە و لە سەرپەرشتیارەکەت یاخود ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یاخود هەر سەرچاوەیەکی دیاریکراو لە ڕێساکە داوای ڕێنمایی بکە .

## Amentumی یەکگرتوو، ڕێسایەکی گشتگیر

ڕێساکەمان لەسەر هەموو کارمەندان، سەرپەشتیاران و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای Amentum جێبەجێ دەکرێت، لەوانەش کەسانی سەر بەو کۆمپانیانەی کە بە تەواوەتی خاوەندارێتییان دەکەین .ڕێساکەمان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرانەوە پەسەند کراوە .جگە لەوەش ،تەنها دەستەی بەڕێوەبەران یان لیژنەیەکی بەڕێوەبەرانی Amentumدەتوانێت دەستبەرداری هەر برگەیەکی ڕێساکە ببێت بۆ بەڕێوەبەران یان بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار.

هەروەها لەو چاوەڕوانییەداین کە دابینکاران، بریکارەکان، هاوبەشەکانی کارکردن، ڕاوێژکاران، خاوەن مۆڵەتەکان، بەڵێندەرە لاوەکییەکانمان و لایەنە سێیەمەکانی تر ئاگاداربن و پابەندبن بەو ستانداردە ڕەوشتییانەی کە لە ڕێساکەماندا باسکراون .

دیدگا و بەها سەرەکییەکانمان وەک بناغەی ڕێساکەمان کار دەکات و یارمەتیمان دەدات پارێزگاری لەو ناوبانگەمان بکەین بۆ ئەنجامدانی کار بە شێوەیەکی دروست . لە ڕاستیدا، شێوەی بەرجەستەکردنی هەر یەکێکمان بۆ بەها سەرەکییەکانی کۆمپانیا، وەک لە ڕێساکەدا باسکراوە، لەو سیاسەت و ڕێکارانەی بەڕێوەبردنی شوێنکاردا هاتووە کە ڕەفتاری چاوەڕوانکراو بەڕێوەدەبەن .

بێ گوێدان بە ڕۆڵەکەمان، هەموومان بەرپرسیارێتییەکمان لەسەر شانە کە:

- ڕێسا و سیاسەتەکانی کۆمپانیاکەمان بخوێنینەوە، تێبگەین و پەیڕەو بکەین، لەگەڵ گرنگیدانی تایبەت بەو بابەتانەی کە لەسەر بەرپرسیارێتییە تایبەتەکانی کارەکەمانەوە جێبەجێ دەبن.
- ئامادە بە و بەشداری لە ڕاهێنانی ساڵانەی پێویستدا بکە سەبارەت بە ڕێساکە و فێرکارییە دیاریکراوەکانی تر.
- نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئەگەری پێشێلکردنی ڕێساکەمان، سیاسەتەکانمان یان یاسا بگەیەنە بە لایەندی پەیوەندیدار .
- لە کاتی وەڵامدانەوەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی گومانلێکراوی ڕێساکەمان، هاوکاری بکە و ڕاستییەکان بڵێ.

سەرکردەکانمان وەک سەرچاوە و نموونەی ڕەفتاری گونجاوی بازرگانیی خزمەت دەکەن، بۆیە ئەوان بەرپرسیارێتیی زیاتریان هەیە لە بەرزڕاگرتنی ڕێساکەمان، و وا چاوەڕوان دەکرێت لێیان کە:

- پەرە بە ژینگەیەکی ئەرێنیی کارکردن بدەن کە تێیدا بە شکۆ و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکرێت، و هەست دەکەن کە پێشوازییان لێدەکرێت .
- کلتوری پابەندبوون بنیات بنێن، کە تێیدا گفتوگۆی کراوە دەربارەی نیگەرانییە یاسایی و ڕەوشتییەکان هان دەدرێت.
- بە شێوەیەکی گونجاو وەڵامی پرسیارەکانی کارمەند بدەنەوە دەربارەی ڕێساکە و یارمەتی کارمەندان بدەن کە بە ئاسوودەیی نیگەرنانییەکانیان هاوبەشی پێبکەن .

- دەستپێشخەربن بۆ ڕێگریکردن و دۆزینەوەی پێشێلکارییەکانی ڕێساکەمان، سیاستەکانی کۆمپانیاکەمان و یاسا، و دەستبەجێ پێشێلکارییەکان بۆ سەرپەرشتیارەکەت، سەرچاوە مرۆییەکان، ڕەوشت و پابەندبوون، یان ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆ بەرزبکەرەوە .
- دڵنیابینەوە لە تەواوکردنی ڕاهێنان لەلایەن هەموو کارمەندەکانەوە لە کاتی خۆیدا.
- پابەندبوونی کارمەند بە ڕەفتاری ڕەوشتییەوە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارامەییدا لەبەرچاوبگرن .
- دڵنیابینەوە لەوەی کە فرۆشیارەکانمان، دابینکارەکانمان و هاوبەشە بازرگانییەکانی ترمان پێشینەیەکی پەسەندکراوی دەسپاکی و ڕەوشتەکانی کارکردنیان هەبێت.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**تیمەکەم پێشنیاری کارێکی نوێ لەگەڵ کۆمپانیایەکی نا حکومی ئامادە بکات لە وڵاتێک کە پێشتر Amentum کاری تێدا نەکردووە .لە کۆبوونەوەیەکی گفتۆگۆکردنی ستراتیژیەتی پێشنیارەکە، یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەمان هەندێک پرسیاری ورد بکات سەبارەت بە چۆنێیەتی پابەندبوونمان لەگەڵ یاساکان و سزاکانی دژەگەندەڵی بۆ پێشنیارەکە .سەرپەرشتیارەکەمان کۆتایی بە گفتوگۆگە بهێنێت، و بڵێت کە ئاساییە ئێستا چەند مەترسییەک ئانجام بدەین و پاشان کە بردمانەوە "ڕۆتینە فەرمییەکان" چارەسەر دەکەین .ئایا ئەوە وەڵامە دروستەکە بوو؟**

*نەخێر. سەرپەرشتیارەکەت نەک تەنها بەرپرسیارە لە گوێگرتن لە نیگەرانییەکانی کەسەکە بەڵکو پێویستیشە دڵنیابێت لەوەی کە ئەو کارە بە یاسایی، ڕەوشتی و بەگوێرەی یاسا ئەنجام دەدرێت .هەر شتێک لەوە کەمتر ڕەنگە ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە ناوبانگی Amentum و توانای کاکرکردنی لە سەرانسەری جیهاندا . ئەگەر گومان دەکەیت کە ڕەنگە کارەکانی سەرپەرشتیارەکەت پێشێلکاریی ڕێساکەمان دەکەن، ئەوا بەرپرسیاریت لە ئاشکراکردنی بۆ ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یاخود بۆ هەر سەرچاوەیەکی ئاماژەپێکراو لە ڕێساکەماندا .*

## پابەندبوون بە یاسا، ڕێسا و ڕێنماییەکان

Amentumکۆمپانیایەکی جیهانییە کە لە چەند وڵات و ناوچەدا کاردەکات .بارەگای سەرەکییمان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و لە بۆرسەی نیویۆرکدا هەین .یاسا، ڕێسا و ڕێنماییەکان جیاوازن لە نێوان ئەو شوێنانەی کە کاری تێدا ئەنجام دەدەین، بەڵام ئێمە لە پابەندیی خۆمان بە پەیڕەوکردنی یاسا، ڕێسا و ڕێنماییەکان (هەروەها هەر سنووررداركردنێکی نشتیمانی و نێودەوڵەتی) تێدەگەین کە لەسەر کارەکەمان و وڵاتی کارکردنمان جێبەجێ دەبن .

زۆرێک لە کڕیارەکانمان ڕێسای ڕەفتاری تایبەتیان هەیە و ڕەنگە داوامان لێ بکەن وەکو بەشێک لە کارەکەمان لەگەڵیان پابەندبین .ئەگەر هەرکاتێک دوودڵ بوویت کە ئایا یاسایەک، ڕێسایەک، ڕێنماییەک یاخود پابەندییەکی تر جێبەجێ دەبێت — یان ئەگەر ناکۆکییەک لەگەڵ یاساییەکی ناوخۆیی یاخود لە نێوان ڕێسایەکی دیکەی کۆمپانیا و ئەم ڕێسایەدا هەبێت — ئەوا پەیوەندی بە سەرپەرشتیارەکەت، ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یان هەر سەرچاوەیەکی ئاماژەپێکراو لە ڕێساکەماندا بکە.

لەگەڵ ئەوەش، پێویستە پابەندبیت بە سیاسەتە ناوخۆییەکانیAmentum ـەوە، بە دیاریکراویش خشتەی کاری پەسەندکراوی دامەزراوەکە و ڕێکاری سپاردنی دەسەڵات، کە مەرجەکانی پێداچوونەوەی بەڕێوەبەردن دیاریی دەکات و بناغەیەکە بۆ دەسەڵاتی خۆمان بۆ کارکردن بەناوی کۆمپانیاکە .خشتەی کاری پەسەندکراو و ڕێکاری سپاردنی دەسەڵاتەکان لە تۆڕی ناوخۆیی Amentum بەردەستە.

## پرسیارکردن و بەرزکردنەوەی نیگەرانییەکان

گرنگە پرسیارەکان بوروژێنین و هەروەها نیگەرانییەکان بگەیێنین .دەستنیشانکردنی پێشوەختە ڕێگە بە Amentum دەدات کێشەکان چارەسەربکات بەرلەوەی ببن بە کێشەی جددی .هەروەها کولتوری ئاشکراکردنمان پەرە بە کەشێک دەدات کە تێیدا خەڵک هەست بە ئاسودەیی بکەن سەبارەت بە پرسیارکردن و کارکردن لەسەر چارەسەرەکان.

Amentumتا ئەو ئاستەی کە دەتوانرێت بە نهێنیی مامەڵە لەگەڵ هەموو ڕاپۆرتەکاندا دەکات، پابەند بە سیاسەتی کۆمپانیا، یاسا و مەرجە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر .تەنانەت دەکرێت پێشێلکارییە گومانلێکراوەکان بە شێوەیەکی نادیار بەرزبکرێنەوە، لەو شوێنانەی کە بەگوێرەی یاسای ناوخۆیی ڕێگە پێدراوە .

بۆ گەیاندنی نیگەرانی یان ڕاپۆرتکردن، ئەوا پەیوەندی بە یەکێک لە سەرچاوەکانی خوارەوە بکە لە ڕێگەی ئیمەیڵ، ئۆنلاین، تەلەفۆن، نامە یان بە شێوەیەکی کەسی:

- سەرپەرشتیارەکەت، بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارەکەت، یان هەر بەڕێوەبەرێکی پلە-بەرزتر
- نوێنەری سەرچاوە مرۆییەکانت یان بەشی سەرچاوە مرۆییەکان
- ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی Amentum یان هەر ئەندامێکی بەشی یاسایی
- نووسینگەی ڕەوشتەکان و پابەندوونیAmentum
- هێڵی گەرمی ڕەوشتەکانی Amentum لە ڕێگەی :
  - سەردانکردنیhttps://amentum.ethicspoint.com
  - پەیوەندیکردن بە 1-844-950-1964 (لە ناو ئەمریکا و کەنەدا)
  - پەیوەندیکردن بە ژمارە تایبەتەکانی هەر وڵاتێک کە لە سەر پۆستەری ڕەوشتەکان لە شوێنەکانت دانراون

تکایە سەیری پۆستەری هێڵی گەرمیی ڕەوشتەکان بکە لە نووسینگەکەت بۆ زانینی ژمارە تەلەفۆنی وڵاتەکەت یان سەردانی ماڵپەڕی OneJavelin بکە لەسەر تۆڕی ناوخۆیی بۆ سەیرکردنی پۆستەرەکانی هێڵی گەرمی ڕەوشتەکان .ژمارەی هێڵی گەرمیی بێ بەرامبەر لەلایەن کۆمپانیایەکی لایەنی سێهەم ڕۆژانە 24 کاتژمێر، هەموو ڕۆژێکی هەفتە و بە توانای زمانەوانیی جیهانییەوە کار دەکات .

هەموو ڕاپۆرتەکان بە خێرایی، بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ یاسای کارپێکراودا پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت .لێکۆڵینەوەکان تا ئەوپەڕی ڕادەی شیاو بە نهێنی دەپارێزرێن .ئەگەر پێویست بکات، ڕەنگە Amentum هەندێک لە ڕاپۆرتەکان بۆ دەسەڵاتی پەیوەندیدار ئاشکرا بکات .

## پابەندبوونمان بە تۆڵە-نەکردنەوە

Amentumکارمەکانی تۆڵەکردنەوە پەسەند ناکات بەرامبەر بە هەر کەسێک کە بە نیازێکی پاک و بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە پێشێلکاریی گومانلێکراوی ڕێساکەمان، سیاسەتەکانمان، یان یاسا، ڕێسا و ڕێنماییەکان ڕاپۆرت دەکات یان بەشداری بکات لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە ڕەفتاری هەڵە .

بە ڕوونیی ڕاگەیەنراوە، گرنگ نییە کە ئایا ڕاپۆرتەکەت لە ڕاستیدا ڕەفتاری نارەوشتیی ئاشکرا دەکات بەو مەرجەی مەبەستت لە ئەنجامدانی بریتی بێت لە ڕاستگۆیی .چەندین وڵات یاسایان دەرکردووە بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری نادروست ئاشکرا دەکەن Amentum .هەر پارێزگارییەکی بەردەست جێبەجێ دەکات کە ئەم جۆرە یاسایانە دەیرەخسێنن.

Amentumدەیەوێت کارمەندەکان هەست بە ئاسودەیی بکەن سەبارەت بە ڕاپۆرتکردنی ڕەفتاری نادروست کە گومان لە هەبوونی بکرێت، لەوانەش ئەگەری پێشێلکردنی یاساکان، ڕێساکان، ڕێنماییەکان یان ڕێساکەمان، وە بەپەلە لێکۆڵینەوە لە هەموو تۆمەتەکانی کاری تۆڵەکردنەوە دەکات .هەر کەسێک کە تۆڵە لە کەسێک بکاتەوە بەهۆی ڕاپۆرتێکی نیازپاکانە یان بەشداریکردن لە لێکۆڵینەوە، ئەوا دەخرێتە ژێر ڕێوشوێنی تەمبێکردن، هەتا کۆتاییهێنان بە دامەزراندنەکەی.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**ببینم کە سەرپەرشتیارەکەم بە توندی ڕەفتار لەگەڵ چەند هاوکارێکم دەکات .کارامەیی بەم دواییانە کەمیکردووە، و من وا گومان دەکەم کە سەرپەرشتیارەکەم تەنها بێزارە لە هەڵەکانی ئەم دواییەی تیمەکە.**

**بەڵام ڕەفتارەکانی زیاتر شەرانگێز دەبێت و ورەی تیمەکە نزمە .بەم دواییانە دەستی کردووە بە سەرزنشتکردنی ئەندامانی تیمەکە بۆ ئەوەی کەمتر کات بەفیرۆ بدەن و کاتی زیاتر بە پرۆژەکان بدەن، هەرچەندە کارکردنیان لە پرۆژەی کریاران هێواشبووەتەوە.**

**هەست دەکەم کە پێویستە سەبارەت بەو کەشەی ئەو دروستیکردووە و نیگەرانییەکانم سەبارەت بەو ڕێنماییەی پێمان دەدرێت بۆ تەرخانکردنی کات بە ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن بڵێم، بەڵام ترسم هەیە لەوەی من کەسی داهاتووبم کە سزای بدات .باشترین ڕێرەوی کارکردن چییە؟**

*تۆ ڕاستیت سەبارەت بەو کەشە نەرێنییەی سەرپەرشتیارەکەت دروستیکردووە .لە کاتێکدا ڕەنگە کارەکانی پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی ڕێساکەمان بن و ڕەنگیشە وا نەبن، دەرەنجامی ڕەفتارەکانی کێشەیە .پێویستە گرفتەکە بە ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یان سەرچاوە دانراوەکانی ناو ڕێساکەمان ڕابگەیەنیت .تۆ — و هەموو هاوکارانی تری Amentum کە ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە ڕەفتاری نادروستی گومانلێکراو ڕاپۆرت دەکەن — پێویستە بەبێ ترس بێنە پێشەوە، و بزانن کە Amentumتۆڵەکردنەوە پەسەند ناکات و ڕێوشوێنی تەمبێکردن دەگرێتە بەر بەرامبەر بەو کەسانەی تۆڵە دەکەنەوە .*

# پەرەپێدانی شوێنکارێکی سەلامەت و بە ڕێزدار

## ژینگە، تەندروستیی و سەلامەتیی(EHS)

ئێمە کارمەندەکانمان بەهێز دەکەین تا سەرەتا بایەخ بە سەلامەتی بدەن بۆ ئەوەی باشبن، لە ئەرکەکەماندا سەرکەون وسەرکەوتنی بازرگانی بەدەست بهێنن .ئێمە بێوچان هەوڵی نایاب بوون دەدەین لە سەلامەتیدا بۆ دەستنیشانکردنی باشترین کردارەکان، باشکردنی دەرەنجامەکان و باشترکردنی کارامەیی کارکردنمان.

### — کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- پابەندبە بە هەموو یاسا، ڕێنمایی، و بەرنامە و ڕێکارەکانی کۆمپانیا کە جێبەجێ دەکرێن و پەیوەندیدارن بە ڕەهەندەکانی EHS (ژینگە-تەندروستیی-سەلامەتیی) لەو کارەی ئەنجامی دەدەین و لەو دامەزراوانەی بەڕێوەیان دەبەین.
- بەرپرسیارێتیی سەلامەتیی تایبەتی خۆت و هەروەها سەلامەتیی ئەو کەسانەی لەگەڵ و لە نزیکتەوە کار دەکەن هەڵگرە.
- کاتێک باوەڕ دەکەیت پێشێلکارییەکی EHS (ژینگە-تەندروستیی-سەلامەتیی) هەیە یان لەو باوەڕەدایت کە بارودۆخێک ئەگەری زیانی جەستەیی یان مەترسییەکی نزیک دروست دەکات کە کاریگەریی لەسەر کارمەندان، کڕیاران، بەڵێندەرە لاوەکییەکان، بەڵێندەرە گشتییەکانی Amentum یان کۆمەڵگا دەبێت، ئەوا کارکردن ڕاگرە و بە بێ ترس لە تۆڵەسەندنەوە دۆخەکە بۆ سەرپەرشتیارێک یان بەڕێوەبەرێک ڕاپۆرت بکە.
- دەستبەجێ بۆ سەرپەرشتیارێک ڕاپۆرتی بکە:
  - هەموو بریندار‌بوون و نەخۆشییە پیشەییەکان، گرنگ نییە چەند بچووکن و ڕەزامەندیی کارگێڕیی وەرگرە بەر لە داواکردنی چارەسەری پزیشکی بۆ ئەو برین و نەخۆشییانەی پەیوەستن بە کارەوە بەڵام فریاگوزاریی نین
  - هەموو دەرمانێک بە ڕەچەتە بێت یان بێ ڕەچەتە کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر توانای کارکردنت بە سەلامەتی یان بەکارهێنانی ئامێرەکان هەبێت (لەوانەش لێخوڕینی ئۆتۆمبێل)
- هەڵسەنگاندن بۆ مەترسیی ئەرک ئەنجام بدە (THA) پێش بەشداریکردن لە هەر چالاکییەکی جەستەیی کە مەترسییەکی پەیوەندیداری بەوەوە یان زیاتر هەبێت.
- هەموو کەرستەکانی پاراستنی کەسیی (PPE) بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بەرهەمهێنەر و ڕێسا کارپێکراوەکان لەبەر بکە .هەمیشە پێش هەموو بەکارهێنانێک پشکنین بۆ ئامێر بکە .
- پشتێنەی سەلامەتی و جێگیرکەرەوەی شان ببەستە لە کاتی کارکردن یان سەرکەوتن لە هەر ئۆتۆمبێلێک بۆ کاروباری کۆمپانیا .ئامێری پەیوەندیکردنی مۆبایلی کەسیی یاخود کۆمپانیا بەکار مەهێنە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێک بۆ کاروباری کۆمپانیا .
- کار بە ئامێر بکە یان چاککردنەوە ئەنجام بدە تەنها ئەگەر بە شێوەیەکی دروست ڕاهێنرابیت و/یان بڕوانامەی کارپێکردن، چاککردن و/یان چاککردنەوەی ئامێرەکەت هەبێت .بە گوێرەی ڕێسا کارپێکراوەکان و ڕێنماییەکانی بەرهەمهێنەر کار بە هەموو ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان بکەن.
- نابێت هیچ ئامێرێکی پاراستنی سەلامەتی، پاسەوانیی، ئامێری ئاگرکوژێنەوە، یان ئامێری فریاگوزاری سەرەتایی لاببەیت، زیانی پێبگەیەنیت، بکوژێنیتەوە یان لەکاربخەیت.
- لابردن لە خزمەت، چاککردنەوەی هەر ئامرازێک یان ئامێرێکی زیان پێگەیشتوو، بە دروستی کار نەکردوو، یان ڕەنگە ببێتە مەترسی لە ئەگەری بەکارهێنانی، ڕاپۆرت بکە .
- هەموو ڕاهێنانەکانی سەلامەتی کە پێویستن بۆ کارایی یان ئەرکەکانی کارەکەت تەواو بکە، لەوانەش ڕاهێنانی تایبەت بە ئامرازەکان، ئامێر و ئۆتۆمبێلەکان کە بەکاردەهێنرێن.
- شوێنەکە بە باشی ڕاگرە لە هەموو کاتێکدا، شوێنی کارکردن ڕێکوپێک، پاک و بێ مەترسیی ڕابگرە.
- هەرگیز لە کاتی کارکردن یان لە بارەگاکانی کۆمپانیادا بە هیچ شێوەیەک بەشداریی هیچ جۆرێکی کێبڕکێ مەکە .
- هەموو کاتێک وشیاربە، هەموو ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوە و ڕێنماییەکانی سەلامەتی هەڵواسراو پەیڕەو بکە، وە هەموو ڕێنمایی و ڕێساکانی شوێنی کار بۆ پاراستنی کارمەند و ژینگە جێبەجێ بکەن.

### — زیاتر بزانە

سیاسەتی ( EHSژینگە-تەندروستیی-سەلامەتیی)

## هەمەچەشنی، هەلی یەکسانی کارکردن و بێ-جیاکاری

کۆمپانیای Amentum پابەندە بە دروستکردنی شوێنکارێک کە هەموو کەس بە شکۆ و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەست بکات کە پێشوازی لێدەکرێت .باوەڕ دەکەین کە پێشینە و ئەزموون و دیدگا جیاوازەکانمان ڕەنگدانەوەی پابەندبوونمان بە هەمەچەشنی و پێگەمان پێدەدات بۆ گەشەکردن لە بازاڕدا .هەوڵدەدەین ژینگەیەکی گشتگیر بۆ کارکردن بەردەوامی پێبدەین و پابەندین بە ڕاکێشان، پێشخستن، پاراستن و پەرەپێدانی هێزێکی کاری هەمەچەشن و شیاو کە هەست بکەن بەشێکن لە Amentum. Amentum هەلی کارکردنی یەکسان بۆ هەموو داواکاران دەرەخسێنێت و جیاکاری لە شوێنی کاردا قەدەغە دەکات .

**Amentumجەخت لە شارستانییەت و ڕێزگرتن دەکات لە شوێنی کاردا.**

- ئێمە جیاکاری بەرامبەر هیچ کەسێک پەسەند ناکەین.
- ئێمە بە توندی هەموو جۆرە هەراسانکردنێک لە شوێنی کاردا قەدەغە دەکەین.
- ڕەفتاری ناشرین یان تۆقێنەر پەسەند ناکرێت.

### کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- لەگەڵ هەموو هاوکارەکان — هەروەها داواکارانی دامەزراندن — بە ڕێز و دادپەروەری و بێ جیاوازی مامەڵە بکە.
- ئەگەر بە ناوی Amentum دامەزراندن دەکەیت یان بڕیاری پەیوەندیدار بە دامەزراندنەوە دەدەیت، جیاکاری مەکە لەسەر بنەمای هیچ تایبەتمەندییەکی پارێزراو بە یاسا، لەوانە، بەڵام سنووردار ناکرێت بە: نەتەوە، ڕەگەز، دووگیانبوون، تەمەن، ڕەچەڵەک، دۆخی سەربازیی یان خزمەتی پێشوو، ڕەنگ، ئایین، بیروباوەڕ، کەمئەندامی، باری هاوسەرگیریی، باری پزیشکیی، زانیاریی بۆماوەیی، بنەچەی نەتەوەیی، جێندەر، ناسنامەی جێندەری، دەربڕینی جێندەری، مەیلی سێکسی یان دۆخی هاووڵاتیبوون.

### چی دەبێت ئەگەر؟

**کارمەندێکی نوێ لە تیمەکەماندا هەیە، زۆربەی هاوکارەکانم بە گەرمی پێشوازییان کرد و یارمەتیدەر بوون .بەڵام یەکێک لە هاوکارەکان بێزاری خۆی دەربڕیووە بەو کاتەی کە کارمەندە نوێیەکە پێویستیەتی تا خۆی لەگەڵ ژینگە نوێیەکەی کاردا بگونجێنێت .چەندین جار، ئەم هاوکارە چاوەکانی دەجوڵێنێت و ئاهێک دەکێشێت کە کارمەندەکە پرسیارێک دەکات .بەم دواییانە ئەو لە کارمەندەکە دەپرسێت، "ئایا هێچ شتێکتان فێر ناکەن لە وڵاتی خۆتان "؟وە کاتێک بانگهێشتی ئەندامانی تیمەکەمان دەکات بۆ ئەوەی بچن بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بەو نالێت .پێویستە دەکات شتێک بکەم سەبارەت بەم بارودۆخە؟**

*بەڵێ .لەوانەیە فێربوونی کارکردن لە ژینگەیەکی نوێدا ئاسان نەبێت — بە تایبەتی ئەگەر ڕووبەڕووی کەم ئارامیی و دژایەتیی ببێتەوە .ئەندامی نوێی تیمەکەت شایەنی ئەوەیە لە ژینگەیەکدا کاربکات کە بتوانێت ئاسوودە و سەرکەوتوو بێت، کە هەماهەنگە لەگەڵ پابەندبوونمان بە هەمەچەشنیی و لەخۆگرتن .ڕەفتاری هاوکارەکەت ئەو مافەی لێ زەوت کردووە .ئەگەر ئاسایی بێت بە لاتەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوکارەکەت قسە بکەیت، ئەوا پێویستە ڕوونی بکەیتەوە کە سەرنجەکانی سەبارەت بە ئەندامە نوێیەکەی تیمەکە بە ئازارن، شەرانگێزن و پێویستە کۆتاییان پێبێت .ئەگەر ناتەوێت ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەیت، یان ئەگەر قسەت لەگەڵ کرد و ڕەفتارەکانی بەردەوامی کێشا، ئەوا پێویستە پەیوەندی بە سەرپەرشتیارەکەت، ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن، یان هەر یەکێک لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی ناو ڕێساکەمان بکەیت .*

### زیاتر بزانە

دەرفەتی یەکسانی دامەزراندن و سیاسەتی کاری ئەرێنی

## Amentumێکی دوو لە هەراسانکردن

هەروەها ڕاگرتنی شوێنکارێکی ڕێزدار بەو واتەیە دێت کە بەشداری لە هیچ شێوەیەکی هەرسانکردن ناکەین و پەسەندیشی ناکەین .لە هەموو کارمەندەکانمان چاوەڕێ دەکەین بە گیانی هاوکاریی، ڕێزگرتن و ڕەچاوکردن یەکتری قبووڵ بکەن و ڕێز لە یەکتری بگرن .هەموومان مافی ئەوەمان هەیە لە ژینگەیەکدا کار بکەین کە دوور بێت لە تۆقاندن، هەراسانکردن (لە نێوانیاندا هەراسانکردنی سێکسی)، گاڵتەپێکردن و ئازاردان .بێ گوێدانە شێوازەکەی و بەرزیی پلەی کەسانی تێوەگلاو، هەراسانکردن پێشێلکردنە بۆ ڕێساکەمان و لە Amentum جێگەی نابێتەوە.

**هەراسانکردن بریتییە لە...**

هەر کارێک کە دژایەتی، ترساندن یان ژینگەیەکی شەرانگێزی کارکردن دروست دەکات .دەکرێت لە سروشتەکەی دا سێکسی بێت یان سێکسی نەبێت و ئەمانە لەخۆدەگرێت :

- سەرنجی زارەکی (سەرنج، پێشنیار، گاڵتە یان داواکردنی هەر خزمەتێکی سێکسی)
- هاوبەشکردن یاخود گفتوگۆکردن دەربارەی وێنەی نەشیاو (وێنەکێشان، وێنەی فۆتۆگرافی یان ڤیدیۆ)
- بەشداریکردن لە ڕەفتاری جەستەیی (سەیرکردنی ئاماژەدار یان بە هەرامی سێکسی یان دەست لێدانی نەخوازراو)

### کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- پەرەپێدانی هەڵوێستی ئەرێنی بۆ دروستکردنی شوێنکارێکی پیشەگەرانە، ڕێزدار و دوور لە هەراسانکردن — قسە بکە ئەگەر ڕەفتاری یەکێک لە هاوکاران ئەوانی تر بێزار دەکات .
- هەموو ڕووداوەکانی هەراسانکردن ڕاپۆرت بکە (لە نێوانیاندا هەراسانکردنی سێکسی).

### زیاتر بزانە

ڕێگریکردن لە هەراسانکردن و گاڵتەپێکردن لە شوێنکار و سیاسەتی توندوتیژیی شوێنکار

## مافەکانی مرۆڤ و ستاندارده جیهانییەکانی کارکردن

وەک بەشێک لە پابەندبوونمان بە کۆمەڵگە جیهانی خۆمان، هەوڵدەدەین ژینگەیەکی کارکردنی ئەرێنی و بەرهەمدار برەخسێنین و مافە تاکەکەسییەکانی مرۆڤ لە کارەکانماندا بپارێزین .بەرپرسیارێتی هەموو کارمەندانیAmentum ـە کە هەوڵی رێگریکردن یان کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنی بدەن کە دەکرێت لەسەر کارەکەمان بوونی هەبێت، بۆ نموونە ئازاردانی هێزی کار، کۆمەڵگا یان ژینگەکەمان.

ئێمە لەو شوێنانەی کە کاریان تێدا دەکەین رێز لە یاساکانی دامەزراندن دەگرین .ئێمە سیاسەتی سفری-لێبوردەیی پەیڕەو دەکەین سەبارەت بە کارپێکردنی زۆرەملێ، کارپێکردنی منداڵان یان بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە .ئێمە بەکارهێنانی شێوازەکانی ساختە یان چەواشەکارانەی دامەزراندن، وەرگرتنی کرێی دامەزراندن، و لەناوبردن، دەستبەسەرداگرتن یان ڕەتکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی کارمەند بە بەڵگەنامە کەسییەکانی قەدەغە دەکەین. داواکردن یان دابینکردنی کاری سێکسیی بازرگانیی (چالاکیی سێکسی لە بەرامبەر هەر شتێکی بە نرخ) بە ڕوونی قەدەغەکراوە. کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- لە بیرت بێت کە ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ لە کاردانەوەی ڕۆژانەمان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ دابینکار و کڕیارەکانمان دەست پێدەکات .ئەمە پەرەپێدانی هەمەچەشنیی، جێگەکردنەوە بۆ کەمئەندامان، وە ئەنجامدانی ئەرکی خۆمان بۆ پاراستنی ماف و شکۆی هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا کار دەکەین لەخۆدەگرێت .
- داوای ڕێنماییکردن لە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی بکە سەبارەت بە ستانداردەکانی یاسای دامەزراندن لە وڵاتە جیاوازەکان کە ئێمە کاریان تێدا دەکەین یان پلانمان هەیە بازرگانی بکەین .هەرگیز بە مەبەست کار لەگەڵ بەڵێندەری لاوەکی، هاوبەشی بازرگانی، دابینکار یان لایەنی سێهەم ئەنجام مەدە کە پێشێلکاریی یاسا دانراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن.
- ئەگەر هیچ هۆکارێکت هەیە بۆ ئەوەی گومان بکەیت کە Amentum کار لەگەڵ کەسێک یان کۆمپانیایەک دەکات لە کارپێکردنی زۆرەملێ یان بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە تێوەگلابێت، ئەوا دەستبەجێ پێشێلکارییەکە ڕاپۆرت بکە .

### – زیاتر بزانە

سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

# پاراستنی زانیاریی و مۆڵک

## تۆماری وردیی بازرگانی

تۆماری بازرگانیی ورد و تەواو دیدێکی گشتگیری کارەکانمان بە کۆمپانیاکەمان دەدەن و ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات بڕیاری بازرگانیی هۆشمەندانە بدەین .هەروەها ڕاگرتنی تۆمارەکانمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یارمەتیمان دەدات بۆ دروستکردنی متمانە لەگەڵ کڕیارەکانمان و هاوبەشە بازرگانییەکانمان .هەموومان بەشدارین لە پاراستنی تۆمارەکان لە هەندێک شێواز و بەرپرسیارێتیمان هەیە لەوەی ڕاستگۆ، ورد و دروست بن .

لەبەر ئەوەی تاوانە کە بە مەبەست لێدوانی نادروست بدەیت یان تۆمەتی نادروست بە ئەمریکا و حکومەتەکانی تر ببەخشیت، ئەو کارمەندانەی کە ئەم ستاندارسنە پێشێل دەکەن ڕەنگە کۆمپانیا و خودی خۆیان تووشی بەرپرسیارێتی، زیانگەیشتن بە ناوبانگ، وردبینی و لێکۆڵینەوەی گرانبەها کە پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، کەمکردنەوەی نرخی گرێبەستەکان و لەدەستدانی گرێبەستە حکومییەکان بکەن .سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت سزای تاوانکاری یان مەدەنی بەسەر کۆمپانیاکە و کارمەندەکاندا بسەپێنرێت (بۆ نموونە. زیندانیکردن، پێبژاردن، و/یان ڕاگرتن یان قەدەغەکردن لە گرێبەستی حکومەت)، هەروەها تووشبوون بە ڕێکاری تەمبیکردن، هەتا دەگاتە کۆتاییهێنان بە کارەکانیش.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- دڵنیابەرەوە لەوەی پەڕاوەکان و تۆمارەکانی کۆمپانیا بە وردی ڕەنگدانەوەی هەموو مامەڵەکانە .
- پشکنینە ناوخۆییەکانمان لەگەڵ ڕێکار و سیاسەتە ژمێریارییەکانمان بزانە و پەیڕەویان بکە، و بە وریاییەوە هەموو ڕەزامەندییە پێویستەکان و بەڵگەنامە یارمەتیدەرەکان بەدەستبهێنە، لەو شوێنانەی کە پێویست بکات .
- بەڵگەنامەی دروست پێشکەش بکە کە پەیوەندیی بە هەر گرێبەستێک یان پێشنیارێکەوە هەیێت.
- هەموو کاتژمێرەکانی کارکردن بە گوێرەی ژمێریاریی کۆتایی کات، ڕاپۆرتی کاتەکانی کارمەند و ڕێکارەکانی کاتی کارکردن تۆمار بکە .پێویستە سەرجەم کارمەندان دڵنیابن لەوەی کە کاتژمێرەکانی کارکردنیان بە دروستیی تۆمارکراوە .بە ئەنقەست بە هەڵە تەرخانکردنی ئەو کاتژمێرانەی کراتکردووە یان ساختەکردنی تۆمارەکانی کات پێشێلکاریی سیاسەتی کۆمپانیا دەکات و لەوانەیە پێشێلکاریی یاسایی بێت، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گرتنەبەری ڕێکاری تەمبیکردن هەتا دەگاتە کۆتاییهێنان بە دامەزراندن .نابێت هیچ کارمەندێک بەمەبەست بڕێکی نادروست تەرخان بکات ژماردنی نادروست بەمەبەست پەسەند بکات .
- دڵنیاببە لەوەی کە خەرجییەکانی تر، وەک بابەتەکان، خزمەتگوزارییەکان، و هاتووچۆ، بە شێوەیەکی دروست بۆ ژمارەی پرۆژەی دروست تەرخانکراون بۆ دڵنیابوونەوە لە دیاریکردن، پۆلێنکردن، ڕاپۆرتکردن و کۆنترۆڵکردنی یەکگرتووی زانیارییە داراییەکان.
- پابەندبە بە سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی تۆمارەکان و خشتەکانی پاراستن کە لەسەر بە کارەکەت و شوێنەکەت جێبەجێ دەکرێن .ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەستبوونی تۆمارەکان لە کاتی پێویستدا و پاراستنی بەڵگەنامەکان کە ڕەنگە لە وردبینی، لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندا پێویستبن .
- ئەگەر بەرپرسیاربیت لە هەر ڕەهەندێکی ڕاپۆرتکردنی داراییمان، دڵنیابەرەوە لەوەی کە هەموو پێداویستییە ڕێکارییەکان و یاساییە کارپێکراوەکانت بەدیهێناوە .وریا بە کە ڕاپۆرتەکان یان ئاشکراکردنەکان دەربارەی تۆمارە داراییەکانمان دروست، ورد، دادپەروەرانە، گشتگیر، بابەتیانە و لە کاتی خۆیاندا بن.
- هەر نارێکییەکی ژمێریاریی یان وردبینیی یان ڕووداوەکانی ساختەکاری ڕاپۆرت بکە بۆ سەرپەرشتیارەکەت، ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن، یان هەر یەکێک لەو سەرچاوانەی کە لە ڕێساکەماندا دانراون .

> ئێمە هیچ جۆرە ڕەفتارێکی نادروستی دارایی پەسەند ناکەین، لەوانە:
> - دروٚکردن یان پێدانی لێدوانی نادروست یان چەواشەکار — چ زارەکی بێت یان نووسراو — دەربارەی Amentum
> - شاردنەوەی پارەکانی کۆمپانیا
> - دەربازبوونی نایاسیی لە پشکنینە ناوخۆییەکان
> - باسکردنی نادروستی مامەڵەکان
> - دروستکردنی هەژماری ئاشکرانەکراو یان تۆمارنەکراوی پارە
> - بە ئەنقەست بە هەڵە تەرخانکردنی کاتژمێرەکانی کار یان تێچووی کەرستە و خزمەتگوزارییەکان

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**لە ئێستادا هیچ کارێکی کڕیارم نییە کە بیکەم، بەڵام نیگەرانم لەوەی مەترسی لەسەر کارەکەم هەبێت ئەگەر کاتێکی زۆر بە تەرخانکردنەکەم بدەم .ئایا ئاساییە ئەگەر کات لە گرێبەستێکی نرخ-جێگیر تەرخان بکەم چونکە ئەوە زیان بە کڕیار ناگەیەنێت؟**

*نەخێر. تۆ بەرپرسیت لە دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو تۆمارێک — بە خشتەی کاتی خۆتەوە — ڕەنگدانەوەیەکی وردی ڕاستیەکەیە. دڵنیابەرەوە لەوەی ڕاپۆرتی هەفتانەی کاتت بە وردی ئاوێنەی کاتژمێرەکانی کارکردن بکەن و لە پۆل، داواکاریی کار یان پرۆژەی دروست تەرخانکراوبن. پێویستە بابەتی بەردەستبوونی کارەکەت لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت گفتوگۆ بکەیت. کۆمپانیاکەمان چەمکی ژمێریاریی کۆی کاتەکان پەیرەودەکات و هەموو کاتژمێرەکانی کارکردن تۆماردەکات .*

– **زیاتر بزانە**

ڕێکاری مووچە

ژمێریاریی کۆی کاتەکان — ڕێکاری لێخۆشبوون

ڕێکاری کاتی کارکردن

## موڵکی کۆمپانیا و کڕیار

### پاراستن و بەکارهێنانی دروستی سامانەکانی کۆمپانیا

ئێمە زۆر ماندوبووین بۆ بەدەستهێنانی سامانە بەنرخەکانمان، چ بەرجەستەبن یان نابەرجەستە .هەموو کارمەند، سەرپەرستیار و بەڕێوەبەرکان بەرپرسن لە پاراستنیان لە لەناوچوون، زیان پێگەیشتن، خراپ بەکارهێنان، دزی و بەفیڕۆدان .دەتوانین ئەمە بکەین لە ڕێگەی بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ژیرانە و تەنها بۆ مەبەستی بازرگانیی ڕێگەپێدراو .هەروەها موڵکی کڕیارەکانمان دەپارێزین کاتێک لە ژێر بەڕێوەبردنی خۆماندا بێت، ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەکەین، پاراستنی کۆگاکان بە وردی، و پەیڕەوکردنی پرۆتۆکۆڵە گونجاوەکان دەکەین بۆ لەناوبردن.

### سامانە ماددی و ئەلەکترۆنییەکان

موڵکی بەرجەستەکراوی Amentum تەلار، دامەزراوە، ئۆتۆمبێل، ئامێر، سەرچاوە و تۆمارەکان لەخۆدەگرێت .سامانەکەمان سەرچاوەکانی کۆمپیوتەر، سیستەمەکان، تۆڕەکان و ئەنتەرنێت و دەستگەیشتن بە ئیمەیڵ لەخۆدەگرێت .ئەم سەرچاوانە بۆ ئامانجەکانی بازرگانیی ڕێگەپێدراو دابینکراون و لە کاتێکدا کە Amentum ڕێگە بە بەکارهێنانی ناوبەناوی کەسیی سامانەکان دەدات وەکو ئەنتەرنێت\سیستەمی ئیمەیڵ، بەڵام پێویستە ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە کەمترین ئاستدا بێت و ئاستەنگ بۆ کارکەمان دروست نەکات .

**سامانەکانی کۆمپانیا و کڕیار بە دروستیی بەکاربهێنە**

– سەرچاوەکان لە لەناوچوون و زیان پێگەیشتن بپارێزە.
– دڵنیابەرەوە لە ئاسایشی سیستەمەکانمان.
– ئەو شتانە بپارێزە کە بە تۆ سپێردراون .
– چاودێری موڵکی ڕۆشنبیریمان بکە.
– وشە نهێنییەکان بپارێزە و هاوبەشییان پێ مەکە لەگەڵ هیچ کەسێک .

– **کارە دروستەکە ئەنجام بدە:**

- ئاگاداربە و خۆت دوور بگرە لە کارە نادروستەکانی وەک :
  - بەکارهێنانی سەرچاوەکانی Amentum یان کڕیار بۆ ئامانجە کەسییەکان .
  - بەکارهێنانی ئامێری Amentum یان کڕیار یاخود سیستەمەکانی زانیاریی بۆ سەیرکردن، دروستکردن، پاشەکەوتکردن یان ناردنی ناوەڕۆک کە ڕەنگە کەسانی تر بە بێزێزیی بزانن (لەوانەش وێنە و بابەتی نەگونجاو، دەرختسەیی سێکسی، یان بێزێزی) یان بۆ بڵاوکردنەوەی سەرنجی جیاکاریی یان هەراسانکردن یان زمانی هەڕەشە و سووکایەتیکردن.
  - بەکارهێنانی تۆڕەکانی Amentum یان تۆڕەکانی کڕیاران بۆ ناردن، وەرگرتن یان پاشەکەوتکردنی هەر نامەیەک کە دەتەوێت بە شاراوەیی بیپارێزیت .هەموو زانیاریی، داتا و فایلەکانی سەر سیستەمەکەمان موڵکیAmentum ن، و — تا ئەو ئاستەی یاسا بەرکارەکان جێبەجێ دەکرێن — مافی چاودێریکردن و ئاشکراکردنی هەر نامەیەک، بەڵگەیەک، یان فایلێکی تر لەسەر کۆمپیوتەرەکانی کۆمپانیا یان کڕیار بەبێ ئاگادارکردنەوە دەپارێزین.
- سیاسەتەکانی سەرچاوەکانی زانیارییمان پەیڕەو بکە و پارێزراویی ئەلەکترۆنی باش بیینە:
  - هەنگاوی گونجاوانە بنێ بۆ پاراستنی زانیاریی و سیستەمەکانمان لە دەستگەیشتنی بە ڕێکەوت یان ڕێگەپێنەدراو .
  - تەنها کار بە هاردوێر، سۆفتوێر، بەرنامە و ئامێری پاشەکەوتکردنی پەسەندکراوی Amentum بکە بۆ بە بەکارهێنانی بە سیستەمەکانمان .
  - بابەتی بێ مۆڵەت یاخود نایاسایی دامەبەزێنە .
  - وریابە و خۆت لە نامەکانی ساختەکاری، (phishing)بەرنامە زیانبەخشەکان، (malware) بەرنامەی بە بارمتەبردنی زانیارییەکان (ransomware)و شێوەکانی تری هێرشکردن بپارێزە کە دەکرێت سیستەمەکانمان بخەنە مەترسییەوە .
  - وشەی نهێنی بەهێز دروست بکە و لەگەڵ کەسانی تر هاوبەشیان پێ مەکە .
  - دەستبەجێ ڕووداوە گومانلێکراوەکانی ئاسایش ڕاپۆرت بکە .

**زانیارییەکانی موڵکی کۆمپانیا و کڕیار بپارێزە** ،لەوانەش پلانە بازرگانییەکان، موڵکە ڕۆشنبیرییەکان، پێشنیارەکان، داهێنانە تەکنیکییەکان، دیزاینەکان، داهێنانەکان، مۆڵەتەکانی وەبەرهێنان، زانیاریی دارایی، لیستی کڕیارەکان، و زانیارییە تر کە بەرهەمی دەهێنین وەکو بەشێک لە کارکردنمان بۆ .Amentum

– **کارە دروستەکە ئەنجام بدە:**

- جۆرەکانی زانیاریی بناسە کە بە زانیاریی موڵک دادەنرێن و بە شێوەیەکی گونجاو ناویان لێ بنێ بۆ دیاریکردنی چۆنییەتی چارەسەرکردن، بڵاوکردن و لەناوبردنیان.
- زانیاریی موڵک تەنها بۆ ئامانجە ڕێگەپێدراوەکانی بازرگانیکردن بەکاربهێنە و ئاشکرایان بکە، تەنها لەگەڵ ئەو کەسانە هاوبەشییان پێبکە کە بە شێوەیەکی دروست ڕێپێدراون یان بە شێوەیەکی یاسایی داوایان لێکراوە سەیری بکەن.

- بەدەستهێنانی زانیاریی موڵک لە کەسانی دیکە بە ڕێگەی نادروست، هەڵگرتنی زانیاریی نهێنیی بازرگانی کە بە شێوەیەکی نادروست بەدەست هاتووە، یان هاندانی ئاشکراکردنی نادروستی زانیاریی نهێنی لە کارمەندانی پێشوو یان ئێستای کۆمپانیاکانی تر قەدەغەیە، تەنانەت ئەگەر بۆ مەبەستی پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانمانیش بێت .بە هیچ شێوەیەک لە کاتی ئەنجامدانی کار بۆ کۆمپانیای Amentum زانیارییەکانی موڵکی کۆمپانیایەکی تر بەکارمەهێنە و دەستبەجێ هەر دەسکەوتنێکی بەڕێکەوت لە یان پێشنیارێک بۆ پێدانی ئەو جۆرە زانیارییانە ڕاپۆرت بکە بۆ ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی.

**زانیاریی مۆڵک** زانیاریی گشتی نییە، ئەگەر ئاشکرابوو، ڕەنگە :

– بەسوود بێت بۆ ڕکابەرەکان و\یان
– زیانبەخش بێت بۆ کۆمپانیاکە یان بۆ کڕیارەکانی

## مۆڵکی ڕۆشنبیری بریتییە لە...

کار یان بیرۆکەی داهێنەرانە کە گوزارشت لە وەبەرهێنانێکی بەرچاو دەکات لە کات و سەرچاوەکانمان .ئەمانە لەخۆدەگرێت:

– شێوازەکان، زانیاریی و تەکنیکەکان
– داهێنانەکان و دیزاینەکان
– مۆڵەتەکانی وەبەرهێنان، هێما بازرگانییەکان و مافەکانی بڵاوکردنەوە

- دڵنیاببە لەوەی هەر لایەنێکی سێهەم ڕێکەوتنامەی ئاشکرانەکردنی هەیە بەرلەوەی زانیاریی خاوەندارێتی لەگەڵیاندا هاوبەش پێبکەیت .
- لەبیرت بێت کە لەگەڵ پاراستنی زانیاریی موڵکی Amentum، پێویستە ئێمە زانیاریی موڵکی کڕیارەکانمان، هاوبەشەکانمان و لایەنی سێهەمی تر، هەروەها زانیارییە کەسییەکانی کارمەندەکانمانیش بپارێزین .ئەمە لەسەر ئەو ئاشکراکردنانە جێبەجێ دەبێت کە بۆ کڕیارەکان و کڕیارە چاوەڕوانکراوەکان دەکرێن، هەروەها فرۆشیاران و لایەنە سێهەمییەکان.
- زانیاریی موڵکی کۆمپانیا، یان زانیاری موڵکی کڕیارەکانمان، هاوبەشەکانمان و لایەنە سێهەمەکانی تر لە شوێنە گشتییەکان باس مەکە (وەک ئاسانسۆر، فڕۆکە و چێشتخانەکان) و\یان لەو شوێنانەی کە دەکرێت کەسانی تر گوێیان لێبێت .
- لەبیرت بێت کە ئەرکی پاراستنی زانیاریی موڵکی کۆمپانیاکان بەردەوام دەبێت تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی کارەکەت لەگەڵAmentum.
- ئەگەر تۆ بەکارهێنانێکی ڕێگەپێنەدراو یاخود ئاشکراکردنی زانیاریی موڵک بزانیت یان گومان لە هەبوونی دەکەیت، ئەوا دەستبەجێ سەرپەرشتیارەکەت یان ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یان هەر یەکێک لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی ڕێساکەمان ئاگادار بکەرەوە.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**بەم دواییە پسپۆڕێکی تەکنیکیم دامەزراند کە سیڤییەکی نایابی هەیە و ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا هەیە. لەکاتی کارکردن لەگەڵیدا لەسەر پێشنیارێکی کۆمپانیا، زانیم کە ئەو بەگوێرەی ئەزموونەکەی لەگەڵ کۆمپانیا ڕکابەرەکاندا "زانیاریی ناوخۆیی" هەیە بۆ یارمەتیدان لە پێشنیارەکەمان .ئایا دەتوانم سوود لەو زانیاریی موڵکە وەرگرم بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات کارەکە ببەینەوە؟**

*نەخێر. ئێمە ڕێز لە زانیاریی موڵی کۆمپانیاکانی تر دەگرین، لەوانەش ڕکابەر و دابینکارانی ئێمە .ڕێساکەمان و سیاسەتەکانی ترمان بە ڕوونی بەکارهێنانی ئەو داتایانەی موڵکی ڕکابەر قەدەغە دەکەن کە بە شێوەیەکی نادروست بەدەست هاتوون. ڕێگەیەکی باش بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە ئایا شتێک موڵکە بریتییە لەوەی کە پرسیار بکەین ئایا زانیارییەکە تایبەتە|گشتی-نییە، و ئایا ئەو زانیارییە سوودبەخشە بۆ ڕکابەریکردن. هەندێک کات ڕەنگە پێویستمان بە زانیاریی هەبێت دەربارەی ڕکابەرەکانمان، بەڵام ئێمە تەنها زانیاریی بڵاوکراوەی گشتی بە شێوەیەکی یاسایی، ڕەوشتی و بەرپرسانە بەدەست دەهێنین. هەرگیز نابێت فشار لە هاوکارێک بکەین بۆ ئەوەی زانیاریی موڵک دەربارەی خاوەنکارێکی پێشوو ئاشکرا بکات یاخود هیچ هەوڵێکی هاوکارێک بۆ بەکارهێنانی داتای موڵکی ڕکابەرێک بە هەر شێوەیەک بێت، پەسەند بکەین.*

## نهێنیپارێزیی داتا

ڕێز لە نهێنیپارێزیی کارمەندەکان، کڕیاران و هاوبەشە بازرگانییەکانمان دەگرین و لە ئەرکی خۆمان بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکانیان تێدەگەین .بەوپەڕی توانامان هەوڵدەدین تەنها لەکاتی پێویستدا داتا یان زانیاریی کەسیی بەکاربهێنین بۆ مەبەستی بازرگانیی گونجاو و هەوڵی سنووردارکردنی کۆکردنەوە و هەڵگرتنی زانیاریی کەسیی دەدەین بۆ ئەو شتەی کە پێویستن .ئێمە تەنها بەگوێرەی ڕێگەپێدانی یاسا داتای کەسیی کۆدەکەینەوە و هەڵیدەگرینەوە، وە سیستەم و سیاسەت و ڕێکاری ئامادەمان هەن بۆ پاراستنی ئەو داتایە لە ئەگەری هەر ئاشکراکردنێکی ڕێگەپێنەدراودا .ئەوە سیاسەتیAmentum ـە کە پابەندبێت بە یاساکانی نهێنیپارێزی و پاراستنی داتا لەو وڵاتان و ناوچانەی کە کاری تێدا دەکەین.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- زانیاریی کەسیی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یاساکانی نهێنیپارێزیی داتا و سیاسەتەکانمان کۆبکەرەوە، بەکاربهێنە، چارەسەر بکە، پاشەکەوت بکە و ئاشکرا بکە — نابێت هیچ کەسێک بەبێ دەسەڵاتی دروست دەستی بە تۆمارەکانی کارمەندی ئایندە، ئێستا یان پێشوو بگات (وەک مووچە، بیمەی گرووپ، سوودەکان و فایلەکان کارکردن.(
- زانیاریی کەسیی بۆ هیچ کەسێک ئاشکرا مەکە، نە لە ناوخۆ نە لە دەرەوە، مەگەر بۆ کار پێویستییان بە زانیارییەکە هەبێت و ڕێگەپێدانی دورستیان هەبێت بۆ وەرگرتنی .

**زانیاریی کەسیی بریتییە لە...**

هەر شتێک کە بەکاردەهێنرێت بۆ ناساندنی کەسێک، چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، وەکو ناو، ژمارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ناونیشانی ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفون یان ژمارەی کارتی بانکی .

— **چی دەبێت ئەگەر؟**

**لە بواری سەرچاوە مرۆییەکان کاردەکەم و بەم دواییە فرۆشیارێک پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی کە دەتوانێت داشکاندنێکی بەرچاو لەسەر هەندێک کاڵا پێشکەش بە کارمەندەکانمان بکات .ئایا هیچ کێشەیەک هەیە لە پێدانی ناونیشانی کارمەندەکان بەو پێیەی هەموویان دەرفەتی سوود وەرگرتنیان دەبێت؟**

*بەڵێ .ناوە و ناونیشانی کارمەندان جۆرێکن لە زانیاریی کەسیی و نابێت لەگەڵ هیچ کەسێک لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمپانیاکەمان هاوبەش بکرێن مەگەر ئامانجێکی یاسایی کارکردن هەبێت بۆ ئەو کارە .پابەندییەکمان هەیە کە دەبێت رێز لە نهێنیپارێزیی هاوکارەکانمان بگرین و پارێزەری باش بین بۆ ئەو زانیاریانەی کە لەگەڵ کۆمپانیاکەمان هاوبەشی دەکەن.*

— **زیاتر بزانە**

سیاسەتی بەرنامەی نهێنیپارێزی

## زانیاریی نهێنیی و ئاسایشی نیشتیمانی

لە ئیشەکانمان زۆرجار زانیاریی نهێنی و زانیاریی ئاسایشی نیشتمانیمان پێ دەسپێردرێت .زانیاریی لەو جۆرە پێویستە بپارێزرێن و هەرگیز بۆ کەسانی رێگەپێنەدراو ئاشکرا نەکرێن مەگەر لەلایەن کەسانی رێگەپێدراوی ناو دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە پەسەند کرابن .

— **کارە دروستەکە ئەنجام بدە:**

- **هەموو هەنگاوە پێویستەکان جێبەجێ بکە بۆ پاراستنی زانیاریی نهێنیی و ئاسایشی نشتیمانی، و هەموو چالاکییە پەیوەندیدارەکان بەم زانیارییانەوە لەگەڵ کەسانی خاوەن رێگەپێدانی گونجاو رێکبخە .هەرگیز دورست نییە ئەم زانیاریانە بۆ کەسێکی تر ئاشکرا بکرێت بەبێ رەزامەندی روون لەلایەن کەسانی رێگەپێدراوی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت .**
- **ئەگەر داوات لێدەکرێت هەر جۆرێکی رێگەپێدانێک وەرگریت و بیهێڵیت، چاوەڕوان دەکرێت هەموو بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی پەیوەست بەو رێگەپێدانە بزانیت .ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانییەکت هەیە تکایە پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانی ئاسایشەوە بکە.**

— **زیاتر بزانە**

رێنوێنی پاراستن بۆ گرێبەستە نهێنییەکانی حکومەتی ئەمریکا

## نهێنیبوون

پێویستە هەموو فەرمانبەران و سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەران نهێنیی ئەو زانیارییانە بپارێزن کە لەلایەن کۆمپانیایAmentum ـەوە پێیان سپێردراوە، یان ئەو زانیارییانەی کە بە پێچەوانەوە دێنە بەردەستیان، بە درێژایی ماوەی دامەزراندنیان، کارکردنیان یان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئاشکراکردنی بە نووسراو لەلایەنAmentum ـەوە رێگەی پێدراوە یان بە یاسایی بڕیاری لەسەر دراوە .پابەندبوون بە پاراستنی زانیارییە نهێنییەکان بەردەوام دەبێت تەنانەت هەتا دوای ئەوەی کارمەندان، سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەران Amentum بەجێدەهێڵن .نابێت کارمەندان، سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەران باس لە بابەتە ناوخۆییەکانی کۆمپانیا یان پێشکەوتنەکان لەگەڵ هیچ کەسێکی دەرەوەی کۆمپانیادا بکەن، تەنها ئەوە نەبێت کە لە ئەنجامدانی ئەرکە ئاساییەکانی کۆمپانیا دا پێویست بێت.

## قسەکردن بەناویAmentum

پێدانی وێنەیەکی وردی کردارەکان، مامەڵەکان و ئامانجەکانمان بە کۆمەڵگاکەمان یارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستنی ناوبانگی .Amentum بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەین، پێویستە تەنها زانیاری ورد و تەواو پێشکەش بکەین و دڵنیابینەوە لەوەی کۆمپانیاکەمان بە یەک دەنگی هاوئاهەنگ قسە دەکات .بۆیە، پێویستە تەنها ئەو کەسانەی کە ڕاسپێردراون بەناوی Amentum قسە بکەن لێدوانی گشتی دەربارەی کۆمپانیاکەمان بدەن.

— **کارە دروستەکە ئەنجام بدە:**

- ئەگەر ئەندامی لایەنێکی ڕاگەیاندن پەیوەندیت پێوە بکات، سیاسەتی Amentum پەیرەو بکە و داواکارییەکە ئاراستەی نوێنەرێکی ڕێگەپێدراو بکە، وەک کە لە سیاسەتی ئاشکراکردنی دادپەروەرانە بۆ وەبەرهێنەرەکان پێناسە کراوە .
- ئەگەر وەبەرهێنەرێک، پسپۆڕێکی شیکردنەوەی ئاسایشی، یان لایەنێکی سەرەکیی پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەندیت پێوە بکات، تەنانەت ئەگەر داواکارییەکە نافەرمیش بوو، ئاراستەیان بکە بۆ پەیوەندییەکانی کۆمپانیا.
- ئەگەر کارمەندێکی فەرمیی حکومەت یان پارێزەرێک پەیوەندیت پێوە بکات، ئاراستەیان بکە بۆ راوێژکاریی یاسایی ناوخۆیی .
- هەموو سیاسەتەکان و رێکارەکانی Amentum پەیرەو بکە لەکاتی بەکارهێنانی تۆری کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی گونجاو و بیرکردنەوەی دروست جێبەجێ بکە — بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرە و بەرێزبە و براند و ناوبانگی بازرگانیی Amentum بپارێزە .هەرگیز بەناوی کۆمپانیاکەمانەوە قسە مەکە و کار ئەنجام مەدە ئەگەر رێگەپێدراو نەبیت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە .

– **زیاتر بزانە**

سیاسەتی پەیوەندییە دەرەکییەکان
ڕێکاری تۆڕی کۆمەڵایەتی
سیاسەتی ئاشکراکردنی دادپەروەرانە بۆ وەبەرهێنەرەکان

## چالاکییە سیاسی و خێرخوازییەکان

هەرچەندە Amentum هانمان دەدات خزمەتی ئەو کۆمەڵگایانە بکەین کە تێیدا دەژین و کار دەکەین، پێویستە بەشداریکردنمان لە چالاکییە سیاسی و خێرخوازییەکان لەسەر کات و پارەی تایبەتی خۆمان ئەنجام بدرێت .

– **کارە دروستەکە ئەنجام بدە:**

- ڕوونی بکەرەوە کە بۆچوون و چالاکییە کەسییەکانت (وەک کارکردن لە هەڵمەتەکان، کۆکردنەوەی پارە یان پێسکەشکردنی وتار) تایبەت بە Amentumنین، و هەرگیز سەرچاوەکانی Amentum وەک پارە، دامەزراوە، کۆمپیوتەر یان پێداویستییەکان) بۆ چالاکییە کەسییە سیاسییەکانت یان خێرخوازییەکانت بەکارمەهێنە.
- بە ناوی Amentum ـەوە بەشداریی سیاسی مەکە .کۆمپانیا هیچ بەشدارییەکی سیاسیی کەسیی یان پارەیەک کە خەرجی دەکەیت بۆت قەرەبوو ناکاتەوە.
- چالاکییە سیاسییە کەسییەکانت تایبەت بە خۆت بهێڵە — هەرگیز فشار مەخە سەر هاوکارەکان یان هاوبەشە بازرگانییەکان بۆ ئەوەی بەشداری یان پاڵپشتی یان دژایەتی هەر کاندیدێک یان حزبێکی سیاسی بکەن .
- دڵنیابەرەوە لەوەی کە لە ڕێساکانی تایبەت بە چالاکیی لۆبیکردن تێدەگەیت Amentum — بەکارهێنانی پارەی تەرخانکراو بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بەرپرسانی هەڵبژێردراو کە پەیوەندییان بە کاری حکومییە هەیە قەدەغەکردووە. ڕاوێژ بە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی بکە دەربارەی پرسیارەکانی تایبەت بە چالاکیی لۆبیکردن.
- Amentumبەشداری لە ڕێکخراوە خێرخوازی و ئەهلییەکانی دەکات لەو کۆمەڵگایانەی کە کارمەندەکانمان تێیدا دەژین و کار دەکەن، بەڵام پێویست دەکات پەیڕەوی پرۆسەی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی خۆمان بکەین بۆ ئەنجامدانی ئەو بەشدارییانە .

– **زیاتر بزانە**

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیا و ڕێکاری چالاکییە خێرخوازییەکان
ڕێکاری چالاکیی سیاسی

# کارکردن لەگەڵ کڕیارەکانمان و هاوبەشە بازرگانییەکانمان

## مامەڵەکردنی ڕاستگۆیانە و دادپەروەرانە

**بە دەسپاکی ڕەفتار بکە**

ئێمە بە ڕاستگۆیی و ڕێزەوە کار لەگەڵ هاوکارەکان، کڕیارەکان، دابینکاران و کۆمەڵگاکانمان ئەنجام دەدەین .

نابێت هەرگیز ڕەوشتی کرۆکی -کڕیار و ئاراستەی ئەرکەکانمان ڕێگری لە ڕاستگۆیی و دروستیی تەواو بکات لە هەر شتێکدا کە دەڵێین، دەیکەین یان دەنووسین .بۆ ئەوەی بە باشترین توانامان خزمەتی هاوبەشە بازرگانییەکانمان بکەین، پێویستە هەمیشە ڕاستگۆبین سەبارەت بەو شتانەی کە دەتوانین ئەنجامی بدەین و ئەوانەی کە ناتوانین ئەنجامی بدەین .سەبارەت بە بەرهەمەکان، خزمەتگوزارییەکان و تواناکانمان ڕاستییەکە باس دەکەین و هەرگیز بەڵێنێک نادەین کە نەتوانین جێبەجێی بکەین.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەموو کڕیارێک بکە ـــ لە گفتوگۆکردن دەربارەی تواناکان، بڕوانامەکان، لێهاتووییەکانمان و مێژووی کۆمپانیا، چ زارەکی بێت یاخود بە نووسین، ڕاستگۆ و دروستبە.
- لێدوانی ناڕاست دەربارەی ڕکابەرەکانمان یان خزمەتگوزارییەکانیان مەدە، کرداری نادادپەروەرانە بەکارمەهێنە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی نهێنیی ڕکابەرەکان یان سوود وەرگرتنی نادادپەروەرانە لە هەر کەسێک لە ڕێگەی دەستکاریکردن، شاردنەوە، خراپ بەکارهێنانی زانیارییە تایبەتەکان، پێشکەشکردنی چەواشەکارانەی ڕاستییە جەوهەرییەکان یان هەر مامەڵەکردنێکی نادادپەروەرانەی تر.
- بەرهەنگاری هەر بیرۆکەیەک ببە بۆ گوتنەوەی ئەو شتە بە کڕیارەکان کە پێتوایە حەز دەکەن ببیستن لەبری ڕاستییەکان؛ ئەگەر بارووەدۆخێک ڕوون نەبوو، سەرەتا بە پێشکەشکردنی وێنەیەکی دادپەروەرانە و ورد دەست پێ بکە وەکو بنەمایەک بۆ بڕیارەکە.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**کڕیارێکی دێرین و گرنگی Amentum داوای لێکردم بڕوانامە بدەمە چەند پێشکەوتنێک کە بەدیهاتوون وەکو بەشێک لە پرۆسەی وەرگرتنی مۆڵەتێکی حکومیدا .پێشکەوتنەکان لە پرۆسەی ئامادەکردندان، بەڵام تەواو نابن تا کاتی پێدانی بڕوانامەکە .پێویستە چ شتێک بڵێم؟**

*ئەگەر پێشکەوتنەکان لەکاتی پشتڕاستکردندا بە تەواوەتی و یەکجاری ئەنجام نەدرابوون، ناتوانیت بڕوانامەی ئەوە بدەیت کە ئەنجام دراون .حکومەت و دامودەزگاکانی تر پشت بەو بڕوانامە و نمایشانە دەبەستن کە ئێمە وەک بەشێک لە پێدانی مۆڵەت و ڕەزامەندییەکانی تر ئەنجامیان دەدەین .بڕوانامە و نمایشە ساختەکان پابەندبوونمان بە دەسپاکی پێشێل دەکەن .*

*هەروەها گرنگە ئەوە لە یادمان بێت کە زۆرێک لە کڕیارەکانمان ڕێکاری توندیان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پێشنیارەکان، هەروەها ڕێکاریان هەیە سەبارەت بەو جۆرە زانیاریاریانەی کە دەتوانین لە کڕیارەوە بەدەستبیهێنین .پێویستە دڵنیاببینەوە لەوەی کە ئەو یاسایانەی لەسەر کارەکەمان جێبەجێدەکرێن دەناسین و پەیڕەویان دەکەین .*

### – زیاتر بزانە

ڕێنوێنی پێشکەوتنی کار

## بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی کوالێتی

کوالێتی کرۆکی کارەکانمانە .دوایین کاری تەواوکراومان چەند باش بێت ناوبانگمان ئەوەندە باش دەبێت، وە پرۆسە و سیستەمەکانی کوالێتیمان دڵنیای دەدەن کە هەموو کارێکی ئەنجامدراو پشتگیری لە ئەرکی پێداویستییەکانی کڕیارەکانمان دەکات .هەوڵدەدین هەمیشە کارە دروستەکە لە جاری یەکەمەوە ئەنجام بدەین .کاتێک کەموکورتیمان هەبێت، کێشەکە شی دەکەینەوە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکە و چارەسەری دەکەین بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی .

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- ڕێز لە بەڵێنەکانمان بۆ کارمەندان، کڕیارەکان و هاوبەشەکانی کارکردنمان بگرە..
- خزمەتگوزاریی و بەرهەمەکان بە شێوەیەکی دروست لە یەکەم جارەوە بە کڕیارەکانمان بگەێنە و کێشەکانی کارەکە پێش کڕیارەکانمان دەستنیشان بکە.
- پابەندبە بە ئەرکی کڕیارەکانمان، بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کڕیارەکانمان هەڵبگرە و دەرفەتی نوێ پێشبینی بکە.
- خۆت ئاشنای ئەو ستاندارد و تایبەتمەندیانە بکە کە لەسەر ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەبن کاریان لەسەر دەکەیت، و ڕێنماییەکانی کۆمپانیا جێبەجێ بکە کە بۆ پاراستنی کوالێتیی و سەلامەتیی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان دیزاینکراون .

- هەر کێشەیەکی کوالێتی یان سەلامەتی دەستبەجێ لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت باس بکە.
- چاودێریی پێویست لە هەڵبژاردنی دابینکاران، بەڵێندەران، بریکارەکان، ڕاوێژکاران و هاوبەشە بازرگانییەکانی ترمان ئەنجام بدە .تەنها لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا کار بکە کە ستاندارده بەرزەکانمان بەدی دەهێنین و بەرپرسیارێتی بخەرە ئەستۆیان بۆ دڵنیابوونەوە لە کوالێتیی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشمان دەکەن .

**کوالێتی واتە بەدیهێنانی داواکارییەکانی کڕیار .بۆ پێشکەشکردنی کوالێتی ناوازە، ئێمە:**

– پێشەنگی کوالێتیین لە هەموو ئاستێکدا
– کارمەندەکان بەهێزدەکەین
– مەترسییەکانی کارکردن بەڕێوەدەبەین
– ڕاهێنانی دامەزراوەیی بەرەوپێش دەبەین

## کارکردن لەگەڵ حکومەت

پابەندین بە بەدیهێنانی چەندین مەرجی تایبەتی یاسایی، ڕێکخراوەیی و گرێبەستی کە لەسەر گرێبەستە حکومییەکانمان جێبەجێ دەبن .سیستەم، سیاسەت و ڕێکارمان هەن کە داڕێژراون بۆ یارمەتیدانمان لە پەیڕەوکردنی ڕێسای دابینکردنی فیدراڵی و پاشکۆکانی دەزگا، یاسا گشتییەکان، مەرجەکانی گرێبەستەکە، هەروەها سیاسەت و ڕێکارە کارگێڕی و کارایی تایبەتەکانی کۆمپانیا بە سروشتی گرێبەستکردنی حکومەتی فیدراڵی .

حکومەت ژمێریاریی و کارگێڕیی تایبەت، پسووڵە و خەرجکردن، کوالێتی بەرهەم، پشکنین و تاقیکردنەوە، ڕاپۆرتی پێشکەوتن، و پابەندبوون و پێداویستییەکانی کارایی دەسەپێنێت .هەر فەرمانبەرێک کە بەشدارە لە کارکردن لە گرێبەستە حکومییەکان دەبێت وریا بێت و بە تەواوی پابەند بێت بە مەرجەکانی ئەو گرێبەستانەی کە لە جێبەجێکردنیاندا بەشداری دەکەن .بیرت نەچێت کە ڕەنگە ئەم مەرجانە لەسەر ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە لەبری ئێمە کاردەکەن جێبەجێ ببن.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- لە مەرجە یاساییە تایبەتەکان و سنووردارکردنەکانی کارە حکومییەکان تێبگە و لە بیرت بێت کە شەفافیەت و لێپرسینەوە بابەتی بنەڕەتین نەک تەنها لە بردنەوە بەڵکو لە پاراستنی کارە حکومییەکەماندا.
- لە ڕێگەی کێبڕکێکردنی دادپەروەرانە و ڕەوشتانەوە بە درێژایی پرۆسەکانی پێشکەشکردنی پێشنیار و دانوستاندن پەرە بە دەسپاکیی کڕین بدە.
- هەموو موڵکێکی حکومەت کە پێت سپێردراوە بە کەڵ و پەلەوە بپارێزە — پابەند بە سیستەمی کۆنترۆڵە ناوخۆییەکانمانەوە کە داڕێژراوە بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی ئەو موڵکەی لە ژێر دەستماندایە.
- دڵنیابەرەوە لەوەی کە هەر تاقیکردنەوەیەک، پشکنین، یان بەرنامەکانی کوالێتی بەپێی پێویست، بە شێوەیەکی دروست ئەنجام دەدرێن و بە بەڵگە دەکرێن .
- دڵنیابەرەوە لەوەی هەموو پێشکەشکارییەک، بڕوانامە، ڕاپۆرت، داتا و لێدوانەکانی تر کە بەناوی Amentum پێشکەشیان دەکەیت ورد و دورستن .
- وریای هەر ڕووداوێکی گومانلێکراوی ساختەکاری، بەفیڕۆدان و پێشێلکاریی بە و ئاشکرایان بکە .

### – زیاتر بزانە

سیستەمی خەمڵاندنی تێچوو
ڕێنوێنی کارگێڕیی گرێبەست
ڕێکاریی داتای دورستی خەرجیی یان نرخ

## کارکردن لەگەڵ دابینکاران

ئێمە لەوە تێدەگەین کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دابینکار، ڕاوێژکار و لایەنەکانی سێهەمی تر زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنمان، بۆیە لەگەڵ هاوبەشی بازرگانی کار دەکەین کە پابەندی ستاندارده بەرزەکانمان دەکەن .هەندێک جار خۆمان وەکو بەڵێندەری لاوەکی کار دەکەین و پێویست دەکات وەکو هاوبەشێکی بازرگانی باش بۆ بەڵێندەرە سەرەکییەکانمان مەرجەکانی بەڵێندەرایەتیی لاوەکی خۆمان بەدی بهێنین .ڕێز لە پابەندییە گرێبەستییەکانمان دەگرین و چاوەڕێی ئەوە دەکوین کە هاوبەشە بازرگانییەکانمان ڕێز لە پابەندییەکانی خۆیان بگرن.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- ئەگەر تۆ بەشدار لە هەڵبژاردنی هاوبەشە بازرگانییەکانمان دەکەیت، بە هاوبەشەکانی وەبەرهێنانەوە — یان لەو بارودۆخانەدا کە ئێمە وەکو بەڵێندەری لاوەکی کار دەکەین — بڕیارەکان بە گوێرەی پێداویستییەکانی کۆمپانیاکەمان و پێوەری بابەتییانەی وەکو نرخ، کوالێتی و خزمەتگوزاری وەرگرە — نابێت بە هیچ شێوەیەک بە گوێرەی لایەنگیری یان بەرژەوەندیی کەسی بن .ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت یان هاوڕێیەکی نزیکت بەرژەوەندییەکی لەگەڵ کۆمپانیایەکدا هەیە کە ئێمە هەوڵی ئەنجامدانی کاری لەگەڵدا دەدەین، لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دوور بکەوە و دەستبەجێ ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان ئاشکرا بکە.
- مەرجەکانی ڕێنوێنی کڕین پەیڕەو بکە بۆ پابەندبوون بە کڕینی پێداویستی و خزمەتگوزارییە داواکراوەکان لە گرێبەستەکانماندا.
- ئەگەر Amentum وەکو بەڵێندەری سەرەکی، هاوبەشی وەبەرهێنان، بەڵێندەری لاوەکی یاخود هەر پێگەیەکی تریش لە پرۆژەیەکدا خزمەت بکات، ئەوا نایابترین پێشکەش بکە.
- چاوەڕوانییە ئاست بەرزەکان بەدی بهێنە — وریای هەر ناکۆکییەکی بەرژەوەندی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، و کارەکانی بەرتیلدان یان گەندەڵی بە، وە پێشێلکردنی ڕێساکەمان، سیاسەتەکانمان یان یاسا ئاشکرا بکە ئەگەر ببینیت یاخود گومانی لێ بکەیت .

## ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان

دەکرێت ناکۆکیی بەرژەوەندیی ڕوودات هەرکاتێک کە بەرکەوتنی بەرژەوەندی یان چالاکیی ڕکابەر بە هەر شێوەیەک بێت لەگەڵ توانای ئێمە بۆ بڕیاردانی بابەتییانە و بێلایەن و ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە و کارامە هەبێت، یان تەنانەت وا دەرکەوێت کە بەرکەوتن دەبێت — ڕەنگە ئەم ناکۆکییانە کەسیی بن (کاریگەربن لەسەر کەسی خۆت) یان ڕێکخراوەیی بن (کاریگەربن لەسەر .( Amentum بە هەمان شێوە ناکۆکیی بەرژەوەندی ڕوودەدات کاتێک کە کارمەندێک، سەرپەرشتیارێک یاخود بەڕێوەبەرێک، یان ئەندامێکی خێزانەکانیان لە دەرەنجامی پێگەی خۆیان لە کۆمپانیاکەدا هاوکاریی کەسیی نادروست وەردەگرن .دەکرێت ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان ئەو متمانەیە تێکبدات کە ئەوانی دیکە بە ئێمەیان داوە، بۆیە خۆمان لەو بارودۆخانە بەدوور دەگرین تەنانەت ئەگەر ببنە هۆکاری دەرکەوتنیش بەو شێوەیە .

ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان چ ڕاستەقینە بێت، یاخود گومانیی بێت، یان گریمانەکراوبێت، ئەوا هەمیشە ئاشکرا نین، بۆیە پێویستە دەسپێشخەر بین لە ئاشکراکردنیان و هەوڵی دڵنیابوونەوە بدەن لەوەی کە بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، چاودێری دەکرێن و کاریان لەسەر دەکرێت .ئەو بوارانەی تر کە ڕەنگە ناکۆکییان تێدا ڕوو بدات کاتێک کە بیر لە دامەزراندنی کارمەندە پێشووەکانی حکومەت دەکەین یان کاتێک دەستی کارمەندەکانمان بە زانیارییە ناگشتیی حکومەت دەگات.

> **ناکۆکیی بەرژەوەندیی کەسیی ڕوودەدات کاتێک کە ...**
> پێگەی خۆمان لە Amentum، یان ئەو زانیارییانەی کە لە کاتی دامەزراندنماندا بەدەستمان هێناوە بە شێوەیەک بەکاردەهێنین، کە ڕەنگە ناکۆکی دروست بکات یان وا دەربکەوێت کە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندییە کەسییەکانمان و بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکەمان یاخود کڕیارەکانیدا دروست دەکات.

### — کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- خۆت ئاشنای ئەو جۆرە بارودۆخانە بکە کەڤ تێدا ناکۆکیی بەرژەوەندی کەسی زۆر جار ڕوودەدات .بێگومان نابێت هەموو سیناریۆیەک وکو ناکۆکیی بەرژەوەندیەکان دیاری بکرێت، بەڵام ئەم نموونانەی خوارەوە گوزارشت لەو بارودۆخە باوانەی ناکۆکی دەکەن کە ڕەنگە لە کاری ڕۆژانەدا ڕووبەڕوویان ببیتەوە.
  - **کارکردن لەگەڵ خێزان و هاوڕێ** — ئەرکمان لەسەر شانە کە بێلایەن بین و ئەوەی لە بەرژەوەندیAmentum دایە بیکەین لە هەڵبژاردنی کڕیاران و هاوبەشە بازرگانییەکاندا .ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت یان هاوڕێیەکی نزیکت بەرژەوەندییەکی لەگەڵ کۆمپانیایەکدا هەیە کە ئێمە کاری لەگەڵ دەکەین (یان هەوڵ دەدەین کاری لەگەڵدا بکەین)، ئەوا پێویستە خۆت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دوور بخەیتەوە و دەستبەجێ ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان ئاشکرا بکەیت.
  - **دەرفەتەکانی کۆمپانیا** — لە ماوەی کارکردنت لەگەڵAmentum دا، ڕەنگە بە بوونی دەرفەتی بازرگانی یان شانسی وەبەرهێنان بزانیت، بەڵام نابێت سوودی کەسیی لەم دەرفەتانە وەربگریت یاخود ئاماژەیان پێبدەیت بۆ لایەنی سێهەم، موڵکی کۆمپانیا و زانیاریی و پێگە بۆ قازانجی کەسیی بەکاربهێنیت، یاخود لەگەڵ کۆمپانیاکەدا کێبڕکێ بکەیت .کارمەند، سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەران پابەندبوونیان هەیە بۆ کۆمپانیا کە بەرژەوەندییە ڕەواکان پێشبخەن کاتێک دەرفەتی ئەوە دروست دەبێت، جگە لەوەی کە بە ڕوونی لە بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیادا هاتووە.
  - **دامەزراندنی دەرەکی)** ناسراو بە کاری زیادەکی — (کارکردن یان ڕاوێژکردن لەگەڵ دامەزراوەیەکی تردا دەکرێت ناکۆکیی بەرژەوەندی دروست بکات .بە گشتی، ڕەنگە کاری تر پەسەند نەکەین کە کاریگەریی هەیە لەسەر توانای ئەنجامدانی کارەکەت لە .Amentum واتە هەرگیز نابێت کاری دەرەکی لە کاتە دیاریکراوەکانی کارکردندا ئەنجام بدەیت یان موڵک، ئامێر یاخود زانیارییەکانی Amentum بۆ کارێکی تر بەکاربهێنیت .ڕەزامەندیی پێشەکیی نووسراو لەلایەن ڕاوێژکاری یاسیی ناوخۆیی و سەرپەرشتیارەکەتەوە پێویستە بەرلەوەی هەر کارێکی دەرەکی بکەیت.
  - وەبەرهێنان Amentum — هەوڵی بەڕێوەبردنی بڕیارە داراییە کەسییەکانت نادات .بەڵام، ڕەنگە هەندێک بەرژەوەندیی دارایی دەرەکی بە شێوەیەکی نادروست کاریگەرییان هەبێت — یان لەلایەن کەسانی ترەوە گریمانە بکرێت کە کاریگەرییان هەیە — لەسەر ئەو بڕیارانەی کە بەناویAmentum ـەوە دەیدەیت .وەبەرهێنان لە ڕکابەر، کڕیار، دابینکار یان هاوبەشە بازرگانییەکانی تری Amentum بە گشتی پەسەند کراوە، بەڵام نابێت بڕی وەبەرهێنانەکە ئەوەندە زۆر بێت کە کاریگەریی لەسەر هەڵسەنگاندنی بازرگانیت هەبێت.
  - **پەیوەندییە کەسییەکان** — سەرپەرشتیکردنی هەر کەسێک کە پەیوەندیی خێزانی یان خۆشەویستیت لەگەڵدا هەبێت، دەکرێت گومانی لایەنگریی دروست بکات .بۆیە هەرگیز نابێت بکەویتە دۆخێکەوە کە سەرپەرشتی ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت یان کەسێک کە پەیوەندیی خۆشەویستی یاخود سۆزداریت لەگەڵدا هەبێت یان بە شێوەیەکی تر بڕیاری دامەزراندن بدەیت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەریان هەبێت
  - **خزمەتکردن لە دەستەی بەڕێوەبەراندا** Amentum — هانی کارمەندان دەدات کە گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگاکانیاندا دروست بکەن . خزمەتکردن لە بۆردی بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوێکی قازانج نەویست ڕێگەپێدراوە و پێویستی بە ڕەزامەندیی پێشوەختە نییە مەگەر کاریگەریی لەسەر توانای ئەنجامدانی کارەکەت دروست بکات .بەڵام خزمەتکردن لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەک کە کاری لەگەڵAmentum دا هەیە (یان هەوڵی کارکردن دەدات) پێویستی بە ڕەزامەندیی پێشوەختە هەیە .
- خۆت بەدووربگرە لە ناکۆکییە دامەزراوەییەکانی بەرژەوەندی .(OCI) ئەمانە کاتێک ڕوودەدەن کە لەوانەیە کارێکی ئەنجامدراوی بەڵێندەرێک لەسەر گرێبەستێکی فیدراڵی:
  - ببێتە هۆکاری ڕەخساندنی توانایەکی نادادپەروەرانەی ڕکابەریکردن بۆ بەڵێندەرەکە
  - لاوازکردنی توانای بەڵێندەر بۆ ئەنجامدانی کاری گرێبەستی فیدراڵی بە شێوەیەکی بابەتییانە.

- ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندی یان گومانی ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکان پێویستە لە هەموو کاتێکدا دوور بخرێتەوە، چونکە دەکرێت ببنە هۆکاری دوورخستنەوەی Amentum لە کێبڕکێی گرێبەستێک، هەڵوەشاندنەوەی یاخود ڕاگرتنی گرێبەستێک یان دوورخستنەوەی لە ئەنجامدانی کاری گرێبەستی فیدراڵی لە داهاتوودا .ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکان دەکرێت لەو بارودۆخانەدا ڕووبدات کاتێک لەگەڵ کەسێکدا کاربکەیت کە ڕەنگە نەتوانێت هاوکاریی یاخود ئامۆژگاریی بێلایەن پێشکەش بکات . پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکاری گرێبەستەکان یان یاسایی ناوخۆیی بکەیت سەبارەت بە هەر پرسیارێکی پەیوەندیدار بە ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکان.
- وریابە کاتێک کە بیر لە دامەزراندنی کارمەندە پێشووە حکومی یان سەربازییەکان دەکەیتەوە، چونکە پێویست دەکات یاساکانی "revolving door" واتە دەروازەی هەڵگەڕاوە پەیڕەو بکەین کە ڕەنگە ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییانە سنووردار بکات کە کارمەندانی پێشووی حکومەت بەناوی ئێمەوە ئەنجامی دەدەن دوای پەیوەندیکردنیان بە کۆمپانیاکەوە .ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی بکە سەبارەت بە هەر پرسیارێکی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە .سەرەڕای ئەوەش، نابێت Amentum لەگەڵ هیچ کارمەندێکی ئێستای سەربازی یان حکومی (فیدراڵی، هەرێمی، یان ناوخۆیی) باسی هەلی دامەزراندن بکات بەبێ بەشداریی سەرچاوە مرۆییەکان یان ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی.
- لە بیرت بێت کە ئاشکراکردنی خێرا و تەواو پێویستە، هەر کاتێک گومان بکەیت کە ڕەنگە ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان بوونی هەبێت .لە هەر بارودۆخێک و لە ژێر هەموو هەلومەرجێکدا گونجاوە کە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی ئاگادار بکەیتەوە و داوای ڕێنماییکردنی لێ بکەیت .بەبێ ڕەزامەندیی نووسراو لە ڕاوێژاکری یاسایی ناوخۆیی و هەتا ئەو ڕەزامەندییە وەرنەگرێت هەرگیز بەشداری لە هیچ کارێک مەکە کە ڕەنگە ناکۆکیی بەرژەوەندی دروست بکات یان گریمانە بکرێت کە دروستی دەکات.

**ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکان ڕوودەدات کاتێک...**

لە بارودۆخێکدا بین کە لایەنگربین یان توانای بابەتیبوونمان لاواز بێت، یان نەتوانین هاوکاری یاخود ئامۆژگاریی بێلایەن پێشکەش بکەین .دەبێت بیرکردنەوەی دروست، هەڵسەنگاندنی باش و خەمڵاندنی گونجاو جێبەجێ بکەین لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناکۆکیی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکاندا.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**بیر لە کارێکی نیمچە-کاتی وەکو ڕاوێژکاری دیزاینکردن دەکەمەوە .ئەمەم بۆ هاوبەشێکی بازرگانیی ئێستا باسکرد، و ئەویش ڕاستەوخۆ ئاشکرای کرد کە حەز دەکات سوود لە کارەکانم وەربگرێت .پێویست دەکات لەسەر ئەمە گفتوگۆ لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەم؟**

*بەڵێ .تا ئەو کاتەی لەلایەن Amentum ـەوە دامەزراویت، پەسەندکردنی کار لە هاوبەشی بازرگانی، دابینکار یان ڕکابەرێکی کۆمپانیاکەمان دەبێتە ناکۆکیی بەرژەوەندی .پێش بەردەوامبیدان بە هەر دەرفەتێک لەگەڵ هاوبەشێکی بازرگانیدا پێویست دەکات سەرەتا لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت و ڕاوێژکاریی یاسایی ناوخۆیی دڵنیا ببیتەوە .*

### – زیاتر بزانە

ڕێکاری ناکۆکی دامەزراوەیی بەرژەوەندییەکان
ڕێگریکردن لە ناکۆکییە کەسییەکانی بەرژوەندی لە ڕێکاری هەڵبژاردنی گرێبەستە حکومییەکان
ڕێنوێنی پێشکەوتنی کار
ڕاپرسیی دەروازەی هەڵگەڕاوەی تایبەت بە ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان

## دیارییەکان و کات بەسەربردن

Amentum بە جیاوازیی مامەڵە لەگەڵ ڕێنمایی دیارییەکان و کات بەسەربردن دەکات سەبارەت بە کڕیارانی کەرتی گشتی و تایبەت و هاوبەشە بازرگانییەکان .لە کەرتی گشتیدا، جگە لە هەندێک ڕەوشی زۆر سنووردار، ئێمە دیاری و کات بەسەربردن پێشکەش ناکەین بۆ هیچ بەرپرسێکی فیدراڵی، هەرێمی، ناوخۆیی، و نە بۆ هیچ بەرپرسێکی بیانی یان کارمەندەکانیان، لەوانەش بەرپرس و کارمەندانەی ئەو دامەزراوانەی کە موڵکی حکومەتن .لە کەرتی تایبەت، ناوبەناو وەرگرتن یان پێدانی دیارییەکان، ژەمە خواردن یاخود کات بەسەربردن لە هەندێک بارودۆخدا ڕێگەپێدراوە .

پێویست دەکات دڵنیابینەوە لەوەی هەر شتێک بەخشراو یان وەرگیراو لەگەڵ سیاسەتەکان و پابەندییە گرێبەستییەکانمان و یاسادا دەگونجێت .دیاریی و کات بەسەربردن وەرناگرین و پەسەندیان ناکەین کە ڕەنگە بە شێوەیەکی بڕواپێکراو کاریگەری لەسەر هەڵسەنگاند و کارە کەسییەکان دروست بکات لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی کۆمپانیاکەماندا .دەبێت کڕیار، دابینکەرەکانمان و خەڵک بەگشتی بزانن کە بڕیارەکەمان بۆ فرۆشتن نییە.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- کاتێک بیر لە پێشکەشکردنی دیارییەک، ژەمێک یان کات بەسەربردن دەکەیتەوە، ئەوا بەشێوەیەک ڕەفتار بکە کە لەگەڵ بەها سەرەکییەکانمان، یاسا جیاوازەکان کە کردەوەکانمان جڵەودەکەن، و مەرجەکانی گرێبەست هاوئاهەنگ بێت.
- تەنها بە گوێرەی یاسا پەیڕەوکراوەکان، سیاسەتی کۆمپانیا یان پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕاوێژکاریی یاسایی ناوخۆیی دیارییەکان، ژەمەکان و کات بەسەربردن پێشکەش بکە، ببەخشە یان وەربگرە.

amentum

- لە بیرت بێت کە لە بازاڕی خزمەتگوزاریی حکومەتی فیدراڵیدا، بەخشین یان وەرگرتنی دیاری دەکەوێتە ژێر چاودێرییەکی زۆرەوە، بۆ بەڵێندەر و کڕیار هەردووکیان .تەنانەت پێشکەشکردنی دیارییەک کە سادە و بێ ئامانجیش دەردەکەوێت دەکرێت سیاسەتەکانمان و یاسا پێشێل بکات — وە هەروەها سیاسەتەکانی کڕیارەکەشمان .دڵنیابەرەوە لەوەی پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانمان بکەیت و لێیان تێبگەیت و ڕەزامەندییە پێویستەکان بەدەستبهێنیت بەر لە پێشکەشکردنی هەر شتێکی بە نرخ بۆ فەرمانبەرێکی گشتی .

## تەنانەت ئێمە خۆمان لە دەرکەوتنی شتی نابەجێ بەدوور دەگرین.

هەرگیز دیارییەک، ژەمێک یان کات بەسەربردن پێشکەش مەکە، مەخشە یان وەرمەگرە ئەگەر:

- پێچەوانەی سیاسەتی دیارییەکان و کات بەسەربردنی خۆمان بێت یاخود ئەگەر بەگوێرەی هەر یەکێک لە یاسا و ڕێنمایە جێبەجێکراوەکان نایاسیی بێت
- وەکو بەرتیل، وەرگرتنی پارە، یان پاداشتێک بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی تایبەت سەیر بکرێت
- لە بەرامبەر کارێک یان بڕیارێک پێشکەش بکرێت
- مەبەست لێی دروست کردنی کاریگەرییە لەسەر ڕێکەوتنێکی بازرگانی
- پابەندییەک دروست دەکات

## – چی دەبێت ئەگەر؟

**لە نزیکەوە لەگەڵ کارمەندێکی حکومی کار لەسەر گرێبەستێک دەکەم .هەفتەی داهاتوو گەشت دەکەم بۆ نووسینگەکەی بۆ پێدانی نوێترین گۆڕانکاری لەسەر پرۆژەکە و گفتوگۆکردنی هەنگاوەکانی داهاتوو .حەز دەکەم لەکاتی سەردانەکەمدا لەگەڵیدا بچم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، وەکو ڕێزێک بۆ کاری هاوبەشمان، بەڵام دەزانم کە Amentum پێشنیارێکی کارکردنی لەسەر پرۆژەیەکی تر پێشکەش کردووە کە ئەم کارمەندە حکومییە خۆی یەکێکە لە فەرمانبەرانی هەڵسەنگاندی پێشنیارەکە. پێویستە چ شتێک بکەم؟**

*ڕێنماییەکانی بەڕێوەبردنی جۆرەکانی دیاریی و کات بەسەربردن کە دەتوانین پێشکەش بە کارمەندە حکومییەکانی بکەین لەوانە زۆر توندترن کە کاردانەوەکانمان لەگەڵ پەیوەندییە بازرگانییەکان بەڕێوەدەبەین . لەبەر ئەوەی کارمەندە حکومییەکە بەشدارە لە هەڵسەنگاندنی پێشنیارێکی Amentum ڕۆیشتن بۆ نانخواردن لەگەڵیدا دەکرێت ببێتە هۆکاری دروستبوونی گومان بە گوێرەی یاساکانی بەرژەوەندیی گەندەڵی. پێویستە لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی دڵنیابیتەوە بەر لە بانگهێشتکردنی.*

## – زیاتر بزانە

سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی-بەرتیل

سیاسەتی دیارییەکان، کات بەسەربردن و ڕێزلێنانی تری کاری هاوبەش

# پەڕەوکردنی دەق و ڕۆحی یاسا

## هاوکاریکردنی لێکۆڵینەوەکان

پابەند دەبین بە داواکارییەکانی حکومەت و دەزگاکانی ڕێکخستنەوە بۆ پێدانی زانیاریی، وەکو چۆن بەپێی یاسا پێویستە، وە بە تەواوەتی هاوکاریی لێکۆڵینەوەکان دەکەین .ئەگەر داواکارییەکمان لە فەرمانبەرێک یان دەزگایەکی حکومییەوە پێ بگات، ئەوا خێرا پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆییەوە دەکەین بۆ یارمەتیدانمان و بەر لە وەرگرتنی ڕەزامەندیی لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە هەرگیز زانیاریی پێشکەش ناکەین .

### — کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- لە مامەڵەکردن لەگەڵ وردبینیکاران یان لێکۆڵەراندا هاوکار و ڕاشکاو بە — زانیاری ڕاست و دروست و تەواو پێشکەش بکە .
- هەرگیز تۆمارە داواکراوەکان مەشارەوە، نە بیگۆڕە و نە لەناویان بەرە، هەرگیز هەوڵ مەدە کاریگەریی نادروست لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک یان وردبینییەک دروست بکەیت.

### — چی دەبێت ئەگەر؟

**بەم دواییانە یەکینەی کارەکەم بۆ یەکەم جار لەوەتەی کردراوە بەر لە ساڵێک، لەلایەن خزمەتگوزاریی وردبینییەوە پێداچوونەوەیەکی بۆ ئەنجامدرا .تیمی وردبینیی پێداچوونەوەی بە ڕاپۆرتی خەرجییەکان و پرۆسەکانی کەم کاری پارە ئەنجامدا و پرسیاری زۆری سەبارەت بە هەندێک لە پارەدانەکان کردووە. ئایا پێویستە دەکات هاوکاری تیمی وردبینیی بکەم؟**

*بەڵێ .وردبینیی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکان کە لە ڕێگەیەوە Amentum بەرپرسیارێتییەکانی بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتیی، کارمەندەکان و کڕیارەکانی جێبەجێ دەکات .کۆمپانیاکەمان پشت بە تۆماری ورد و دروست دەبەستێت وەکو بنەمای سیستەمی داراییمان، و هەموومان ئەرکی هاوکاریی تەواوەتی و گشتگیرمان لەگەڵ وردبینیی و لێکۆڵینەوەکاندا لەسەر شانمانە .*

## بازرگانیکردنی ناوخۆیی

لە کارەکانماندا بۆ Amentum، ڕەنگە هەندێک جار دەستمان بگات بە زانیاریی ناگشتیی و ماددی دەربارەی Amentum، فرۆشیارێک، بەڵێندەرێکی لاوەکی، هاوبەشی کار یان لایەنی تری سێهەم . زانینی ئەم زانیارییانە دەتوانێت ئێمە بکات بە "خەڵکی ناوخۆیی"، و بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە بۆ کڕین یان فرۆشتنی پشک و بەش دەکرێت بە "بازرگانیکردنی ناوخۆیی" هەژمار بکرێت .گەیاندنی ئەم زانیارییانە بە کەسێکی تر بۆ ئەوەی بازرگانی بکات (کارێک کە پێی دەگوترێت "ئامۆژگاریدان") دەکرێت بە پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی بازرگانیی ناوخۆیی دابنرێت .نابێت لەسەر بنەمای ئەو جۆرە زانیارییە ناوخۆییانە بازرگانی بکەین هەتا وەکو زانیارییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ خەڵکی بە گشتی بڵاو نەکرێنەوە و ڕوون نەکرێنەوە .

> **بۆ ئەوەی زانیاریی وەک "زانیاریی ناوخۆیی" هەژمار بکرێت، پێویستە ئەم دووانەی خوارەوە بێت:**
>
> — ماددی (واتە دەکرێت کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی وەبەرهێنەرێکی وشیار هەبێت)
>
> — نا-گشتی (واتە ئەو بۆ ڕای گشتی بڵاونەکراببێتەوە)
>
> نموونەکان ئەمانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێت کاتێک هەواڵی لەم جۆرە بۆ گشتی بڵاونەکراوەتەوە: پێشبینییەکانی قازانج یان زەرەری ئاییندە؛ هەواڵی یەکگرتنەوەی هەڵپەسێردراو یان پێشنیارکراو؛ هەواڵی فرۆشتنی بەرچاوی سامانەکان؛ ڕاگەیاندنی دابەشکردنی پشکەکان یان خستنەڕووی گرێبەستی دڵنیاکراوی زیاتر؛ گۆڕانکاری لە بەڕێوەبرانی جێبەجێکاردا؛ سپاردنی گرێبەست یان بەرهەم یان دۆزینەوەی نوێی گەورە.

### — کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- سامانەکانی هیچ کۆمپانیایەک مەکڕن و مەفرۆشن کاتێک زانیاریی ناگشتیی ماددییتان هەیە سەبارەت بەو کۆمپانیایە.
- زانیاریی مادده و ناگشتی لە ڕای گشتی بپارێزە، لەوانەش هەردوو جۆری زانیاریی ئەلەکترۆنی و وێنەی کاخەزی.
- وریای داواکارییەکانی هاوڕێیان و خێزانەکەت بە بۆ زانیاری دەربارەی Amentum یان ئەو کۆمپانیایانەی کە لەگەڵیاندا کار دەکەین یان زانیاری نهێنیمان لەسەریان هەیە — تەنانەت گفتوگۆی ئاساییش ڕەنگە وەکو "ئامۆژگاریدانی" نایاسایی زانیاریی ناوخۆیی سەیر بکرێت .
- هەر پرسیارێک و نیگەرانییەک لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی یان سەرپەرشتیاری پەیوەندییەکانی وەبەرهێنەرانی Amentum سەبارەت بە بازرگانیکردنی ناوخۆیی گفتوگۆ بکە.

### — زیاتر بزانە

- سیاسەتی بازرگانیکردنی ناوخۆیی .

## کێبڕکێی دادپەروەرانە

لەبەر ئەوەی Amentum لەسەر بنەمای کوالێتیی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان ڕکابەری دەکات، ئێمە هەموو کات پابەندین بە پەرەپێدانی کێبڕکێی دادپەروەرانە .هەرگیز نابێت بەشداری یاخود پشتگیری لە کردەوەی بازرگانیی نادادپەروەرانە یان تاڵانچییانەدا بکەین یاخود هەر چالاکییەک کە بە شێوەیەکی نادروست بازرگانی سنووردار دەکات .بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕکابەری بۆ هەموو بازرگانی دەکەین و پابەندین بە پاراستنی پاکیی پرۆسەی دامەزراندن . کۆمپانیای Amentum ڕێککەوتنی ژێربەژێر، دیاریکردنی نرخ، ساختەکاری/سەرکوتکردنی پێشنیار، پێشێلکارییەکانی دژە متمانە و هەموو ڕەفتارەکانی تری دژە-کێبڕکێ قەدەغە دەکات.

### – کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- بەشداری لە هیچ چالاکییەکدا مەکە کە ڕەنگە یاساکانی کێبڕکێ پێشێل بکات یان بە شێوەیەک دەردەکەوێت کە پێشێلی دەکات، وەکو ڕێککەوتن لەسەر :
  - نرخەکان، مەرجەکان یان مەرجەکانی فرۆشتن.
  - دابەشکردن یان تەرخانکردنی کڕیارەکان، پێشنیارەکان، بازارەکان یاخود ناوچەکان .
  - ڕەتکردنەوەی کارکردن لەگەڵ هەندێک لایەنی سێهەمی دیاریکراو.
- لە کۆکرنەوەی زانیاریی دەربارەی ڕکابەرەکانمان، چاودێری بەرزترین ستانداردە ڕەوشتییەکان بکە، زانیاریی بەردەست بۆ ڕای گشتی بەکاربهێنە و:
  - هەرگیز بەشداری لە ساختەکاری، چەواشەکاری، فێڵکردن یان تەکنەلۆژیای داگیرکاریدا مەکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.
  - وریابە کاتێک زانیاری لە لایەنی سێهەم پەسەند دەکەیت — پێویستە سەرچاوەکانیان بزانیت و متمانەیان پێبکەیت و دڵنیابیتەوە لەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێشکەشی دەکەن بەگوێرەی هیچ یاسایەکی بازرگانی شاراوە یان ئاشکرانەکردن یان ڕێکەوتنی نهێنیبوون پارێزراو نییە.
  - هەرگیز فشار لە هیچ کەسێک مەکە کە ڕێکەوتنی نهێنیبوون پێشێل بکات، بۆ نموونە داواکردن لە هاوکارێک کە زانیاریی نهێنیی دەربارەی دامەزرێنەری پێشووی ئاشکرا بکات.
- ئەگەر زانیاریی نهێنی سەبارەت بە ڕکابەرێک ئاشکرا کرا بە مەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، پێویستە دەستبەجێ ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی ئاگادار بکەیتەوە.

### – چی دەبێت ئەگەر؟

**لەسەر پێشنیارێک کار دەکەم و کڕیارێک خشتەیەکی زانیاریی یارمەتیدەری بۆ ناردم. کاتێک فایلەکەم کردەوە، بینیم کە زانیاریی نرخدانانی موڵکی ڕکابەرێکی تێدایە. ئایا دورستە ئەگەر سوود لەم زانیارییانە وەربگرم چونکە کڕیار پێشکەشی کردووە و پێشنیاری خۆمان بگۆڕم بۆ ئەوەی پێگەمان بەهێزتر بێت بۆ بردنەوە؟**

*نەخێر . ئێمە هەوڵی بەدەستخستنی پێشکەوتن لە کێبڕکێدا لە ڕێگەی کارامەیی، نرخ و کوالێتی باشترەوە بەدەست دەهێنین، نەوەک لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە زانیاریی ئاشکراو بەبێ مەبەست لەلایەن کڕیارەوە یاخود لایەنی سێهەمەوە .ئێمە بە هێزەوە کێبڕکێ دەکەین بۆ ئەوەی پێشەنگی بوارەکە بین، پارێزگاری لە ستانداردە بەرزەکانی دادپەروەری و ڕاستگۆیی دەکەین .لەم دۆخەدا فایلی خشتەی زانیارییەکان دابخە، زیاتر بڵاوی مەکەرەوە و دەستبەجێ پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆییەوە بکە بۆ ئەوەی هەڵەکە بە شێوەیەکی خێرا و دورست بۆ کڕیارەکە یان بۆ لایەنی سێهەم ئاشکرا بکات .*

### – زیاتر بزانە

ڕێنوێنی پێشکەوتنی کار

## دژە گەندەڵی و بەرتیل

Amentumشانازی بەو کارە دەکەین کە ئێمە لە سەرانسەری جیهان ئەنجامی دەدەین .پێمان وایە توانامان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی باشی کارکردن لەگەڵ کۆمپانیاکان، کۆمەڵگاکان و حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهاندا پەیوەستە بە مامەڵەکردنی ڕەوشتییانە لە هەموو مامەڵە بازرگانییەکانماندا .واتە ئێمە پارەی ناشایستە بە هەر شێوەیەک بێت هەرگیز نادەین، پێشکەش ناکەین و وەرناگرین.

amentum

## کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

**بەرتیل بریتییە لە...**

هەر شتێکی بەنرخ پێشکەش بکرێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کار یان بڕیارەکانی کەسێک، بردنەوە یان سنووردارکردنی کارێک، یاخود بەدەستهێنانی هەر جۆرە سوودێکی نارەوا .دەکرێت ئەو لەم شێوانە بێت:

- قەرز
- داشکاندن
- پێشکەشکردنی کات بەسەربردن یان گەشت
- بەشدارییەکی خێرخوازی
- پێشنیارێکی ڕاهێنان یان کارکردن

- ڕاستگۆیانە و بە دەسپاکییەوە کار بکە — خۆت تەنانەت لە دەرکەوتن بە شێوەیەکی نەگونجاو یان گەندەڵئامێز بەدوور بگرە .
- بە وریاییەوە لایەنەکانی سێهەم هەڵبژێرە .ئێمە بەرپرسیارین لەو کارانەی کە بە ناومانەوە جێبەجێ دەکەن، بۆیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا وردبینی پێویست ئەنجام بدە و بۆ دڵنیابوونەوە لە نزیکەوە چاودێریی هاوبەشە بازرگانییەکان بکە کە ئەوانیش بە ڕاستگۆیی و بە دەسپاکییەوە کاردەکەن .
- وریای یاساکان بە وەکو یاسای ئەمریکی تایبەت بە کردەوەکانی گەندەڵیی بیانی و یاسای بەرتیلی بەریتانی، کە پێدان و وەرگرتنی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی بەرتیل قەدەغە دەکەن، و داوا دەکەن پەراوی ژمێریاری بە دروستیی بپارێزرێت، و هەموو ناردنە دارایییەکانی کۆمپانیا بە دروستی تۆمار بکرێن .
- بەو پەڕی وریاییەوە کار لەگەڵ بەرپرسان و کارمەندانی حکومەت بکە .یاساکانی ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی تر سزایەکی توند بۆ بەرتیلدانی بەرپرسێکی حکومی دەسەپێنن (و پێناسەی "بەرپرسی حکومی" ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە ڕەنگە پێشبینی نەکەیت وەکو کارمەندانی فیدراڵی، هەرێمی، پارێزگا، یاخود حکومەتی ناوخۆیی، کاندیدە سیاسییەکان، و تەنانەت کارمەندانی ئەو کارانەی کە لەلایەن حکومەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن .(هەرگیز هیچ شتێکی بەنرخ مەبەخشە بە بەرپرسێکی حکومی پێش ئەوەی سەرەتا ڕەزامەندی لە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆییەوە وەرنەگریت، تەنانەت شتێکیش کە بە لاتەوە ئاماژەیی بێت.
- خۆت بەدوور بگرە لە پێدانی "پارەی ئاسانکاری" — کە پارەی کەم و نابەردەوامە بە بەرپرسی حکومی دەدرێت بۆ خێراکردنی کارایی کردارە ڕۆتینییەکانی حکومەت وەکو دەرکردنی ڤیزە و مۆڵەتەکانی کارکردن .ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو سەبارەت بە پێدانی پارە کە ئاخۆ ڕێگەپێدراوە، پێویستە بەر لە پێشکەشکردن یان بەڵێندان یان پێدانی پارەکە پەیوەندی بە ڕاوێژاری یاسایی ناوخۆییەوە بکەیت .یاساکانی هەندێک وڵات (وەک یاسای بەرتیلی بەریتانی) پێدانی پارەی ئاسانکاریی قەدەغە دەکەن .

## چی دەبێت ئەگەر؟

**مۆڵەتی دامەزراندنی ڕاوێژکارێکم پێدرابوو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی پێویستەکان بۆ Amentum لە حکومەتێکی بیانییەوە بۆ دەسپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ . ئەو ڕاوێژکارەی بیر لە بەشدارییپێکردنی دەکەمەوە داوای پێشەکی $25,000 دەکات و دەڵێت پارەکە بۆ "خێراکردنی پرۆسەکە" بەکاردەهێنرێت .هەست بە ئاسوودەیی ناکەم دەربارەی ئەم پێشەکییە — پێویستە چ شتێک بکەم؟**

*داوای پارمەتی بکە کاتێک خۆت لە دۆخێکی وەهادا دەبینیتەوە کە دڵنیا نەبیت چۆن ڕەفتار بکەیت . ڕاوێژ لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت یان ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یان ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی بکە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا پێشەکییەکە بۆ ئامانجی ڕەوای کارکردن بەکار دەهێنرێت .*

## زیاتر بزانە

سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی-بەرتیل

# ڕێگریکردن لە سپیکردنەوەی پارە

**سپیکردنەوەی پارە بریتییە لە...**

پرۆسەیەکە کە کەسێک یان گروپێک بە جێبەجێکردنی هەوڵی شاردنەوەی پارەی نایاسایی دەدەن یان هەوڵدەدەن سەرچاوەی پارە نایاساییەکانیان بە ڕێگەپێدراو دەربکەوێت.

Amentumپابەندە بە پارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی جیهانیی دژە بە سپیکردنەوەی پارە .بۆ ئەوەی کۆمپانیاکەمان لە تێوەگلانی بێ مەبەست لەم پێشێلکارییە بپارێزین، پێویستە هەمیشە پشکنینی پێویست لەسەر کڕیار، دابینکار، نێوەندکار و هاوبەشە بازرگانییەکانی تر ئەنجام بدەین کە دەیانەوێت کار لەگەڵ کۆمپانیاکەماندا ئەنجام بدەن .

## کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- بەدوای "ئاماژەکانی گومان"دا بگەڕێ کە ڕەنگە نیشانەی چالاکییەکانی سپیکردنەوەی پارە بن .بۆ نموونە، دڵنیابەرەوە لەوەی کە ئەو لایەنەی کاری لەگەڵدا دەکەیت بە شێوەیەکی بەرجەستکراو بوونی هەیە، بەشداری لە کاری ڕێگەپێدراودا دەکات، هەروەها پرۆسەی پابەندبوونی گونجاوی هەیە .
- پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆییەوە بکە ئەگەر پێویستت بە زانیاریی زیاتر هەبێت سەبارەت بە جۆنییەتی دەستنیشانکردنی سپیکردنەوەی پارە.

# پاراستنی شوێنکارێکی دوور- لە-ماددەی هۆشبەر

وەک بەڵێندەرێک بۆ حکومەتی ئەمریکا Amentum ،پابەندە بە پاسای شوێنکاری دوور لە ماددەی هۆشبەر . شوێنکارێکی سەلامەت و دوور لە ماددەی هۆشبەر بۆ کارمەندەکانمان دابین دەکەین و بەکارهێنان، فرۆشتن یاخود کڕینی دەرمانی نایاسیی یان خراپ بەکارهێنانی ڕەچەتە یان دەرمانە بەردەستەکان، کحول و ماددەکانی تر پەسەند ناکەین .

## کاری نێودەوڵەتی

Amentumبە شێوەیەکی بەردەوام کار لە وڵاتانی جیهاندا ئەنجام دەدات .یاساکانمان دارێژراون بۆ ئەوەی بەرهەم، خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیای ئەمریکی نەکەونە دەست ئەو وڵات و گرووپانەی کە بەکاریانەهێنن بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا .بەو پێیە، پێویستە بە توندی پابەندبین بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکانی ئەمریکا و وڵاتی سوودمەند کە کارکردنی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبەن .ئەمە هەناردە بۆ هاوردەکردن لە وڵاتانی بیانی، یان جووڵەی شتومەک و داتا تەکنیکییەکان لە نێوان وڵاتانی بیانیدا، دووبارە هەناردەکردنەوە، هەناردەکردنی گریمانەکراو، و گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان و داتا تەکنیکییەکان بۆ کەسانی نا ئەمریکی لە خۆدەگرێت .ئێمە پابەندین بە ڕێنمایە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانیکردن بە چەکەوە (ITAR) و ڕێنماییەکانی کارگێریی هەناردەکردن (EAR) و ئەو ڕێنماییانەی ئەمریکا و وڵاتانی تر کە ڕەنگە جێبەجێ بکرێن .هەر پێشلکارییەکی ئەم یاسایانە، تەنانەت بە هۆی کەمتەرخەمییەوە، دەکرێت کاریگەریی خراپ و درێژخایەن لەسەر کارەکەمان دروست بکات .

### هەناردەکردن ڕوو دەدات کاتێک...

بەرهەمێک، خزمەتگوزارییەک، تەکنەلۆژیایەک یان بەشە زانیارییەک بار دەکرێت، دەگوازرێتەوە یان بۆ کەسێک دنێردرێت کە لە وڵاتێکی ترە .

لە ئەمریکا، هەناردەکردن ڕوودەدات کاتێک تەکنەلۆژیا، زانیاریی تەکنیکی یان سۆفتوێرێک دابینبکرێت بۆ کەسێک کە ئەمریکی نییە، بە هەر شێوازێک بێت (لەوانەش شێوازی زارەکی لە دۆخی زانیارییدا) بێ گوێدانە شوێنی ئەو کەسە .ئەمە بە هەناردەی "گریمانەکراو" ناسراوە .

واتە دەکرێت "هەناردەی" داتای تەکنیکی لە کاتی کۆبوونەوەکان، کۆنفرانسی تەلەفۆنی یاخود ڤیدیۆیی، و پشکنینی دامەزراوەکاندا ڕوو بدات لە ڕێگەی یاداشت، نامە، فاکس، ئیمەیڵ و بابەتە نووسراوەکانی ترەوە.

### کارە دروستەکە ئەنجام بدە:

- ئەگەر گواستنەوەی بەرهەم، خزمەتگوزاری یاخود تەکنەلۆژیا لە وڵاتانەوە لە چوارچێوەی کارەکەتدا هەبێت، ئەوا دڵنیابەرەوە لە:
  - پەیڕەوکردنی ڕێکارەکانی بیابەندبوون بە بازرگانیی نێودەوڵەتییەوە کە پێویستی بە بەشداریکردنی بەشی پابەندبوون بە بازرگانی نێودەوڵەتی هەیە .
  - هەبوونی زانیاریی کارکردن دەربارەی یاسا و ڕێنماییەکانی هەناردەکردن\هاوردەکردن لە ئەمریکا و وڵاتی سوودمەند، و زانینی ئەوەی کە مۆڵەتی هەناردەکردن\هاوردەکردن دەکرێت لە چ کاتێکدا داوابکرێت ئەگەر بەشداری لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا دەکەیت، یاخود داوای ڕاوێژ لە بەشی پابەندبوون بە بازرگانی نێودەوڵەتییەوە یان ڕاوێژکاری دەرەکی بکە لەسەر ئەم بابەتانە.
  - پشکنین بۆ دابینکاران و فرۆشیاران بکە بەگوێرەی فەرمانەکانی پشکنینی وردبینیی پێویست بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئێمە پابەندین بە سزاکان و گەمارۆکانی ئەمریکا، و چالاکییە قەدەغەکراوەکانی هەندێک لایەن.
  - ئاگاداری داواکارییە نایاسایییەکانی بایکۆت ـــ یاساکانی ئەمریکا لێمان قەدەغە دەکەن کە هاوکاری لەگەڵ بایکۆتی دانپێنەنراو بکەین، بێ گوێدانە ئەوەی لە چ شوێنێکین .یارمەتیمان بدە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەر شتێک دەیکەین و دەیڵێین وەک بەشداریکردن لە بایکۆتێکی نایاسایی سەیر نەکرێت .
  - ڕەزامەنیی گونجاو بەدەست بهێنە بۆ گەشتی نێودەوڵەتی .گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات پابەندبوون و بەرپرسیارێتی زیاتری هەر کارمەندێک لەخۆدەگرێت بۆ کەمکردنەوەی فشار، سەلامەتبوون و پارێزراوبوون، و دڵنیابوونەوە لەوەی کۆمپانیاکە پابەندە بە ڕێنماییە پەیوەستەکانی هەناردەکردنی زانیارییە تەکنیکییەکان و ئامێرە پارێزراوەکانی ئەمریکا، کە ڕەنگە لەسەر لاپتۆپ و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی تر هەبن.
- ئەگەر داوکارییەکی بایکۆت وەربگریت یان هەر پرسیارێکت هەبێت دەربارەی بایکۆت، بەشی پابەندبوون بە بازرگانیی نێودەوڵەتی ئاگادار بکەرەوە .
- دەستبەجێ هەموو پابەندنەبوونێکی گومانلێکراو لەگەڵ یاسا ورێنماییەکانی پابەندبوون بە بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕاپۆرت بکە بۆ بەشی پابەندبوون بە بازرگانیی نێودەوڵەتی.

### زیاتر بزانە

سیاسەتی بازرگانیی نێودەوڵەتی
ڕێکاری تیمی بازرگانیی نێودەوڵەتی
ڕێنوێنی پابەندبوونی هەناردەکردن
سیاسەتی پابەندبوون بە بازرگانیی نێودەوڵەتی
فەرمانی پشکنینی وردبینیی پێویست
ڕێکاری گەشتی نێودەوڵەتی

# مەرجی ڕاهێنانی ساڵانەت

ناوبانگی Amentum وەک هابەوشێکی سەرەکیی و جیهانیی حکومی کە ئەزموون، پەرۆشی و ئامانجەکەی پاڵنەری سەرکەوتنی ئەرکەکەین، پەیوەستە بە تووە ! کلتوری ناوازەی کارکردن، سەلامەتی و ڕەوشتەکان بە درێژایی کەلەپوری 100 ساڵەمان دورست بووە و بەهێزتر بۆتەوە بەهۆی خۆ تەرخانکردنی بێوچانمان بۆ ئەرکی کڕیار .

ناوبانگ و سەرکەوتنی Amentum پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی هەر کەسێک لە ئێمە بە گوێرەی ئەم ڕێسایە. پێویستە کارمەندەکانمان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕاهێنانی ڕەوشتەکان ئامادەبن و بەشداری بکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بە بیری هەموو کەسێک دەهێنرێتەوە تا:

- ڕێساکەمان بخوێنێتەوە و تێبگات.
- پابەندبێت بە ڕێساکەمانەوە.
- هەر پێشێلکردنێکی ڕێسا، سیاسەتەکانمان یاخود یاسا ڕاپۆرت بکات.
- تێگەیشتن لەوەی ڕێسایەکی تۆڵە نەکردنەوە هەیە.
- ئاشکراکردنی هەر ناکۆکییەکی گومانلێکراوی بەرژەوەندی.
- پەیوەندکردن بە سەرپەرشتیارەکەیانەوە، ئەندامێکی تری بەڕێوەبردن یاخود هەر سەرچاوەیەکی دیاریکراو کە لە ڕێساکەماندا دابینکراوە، ئەگەر هەر پرسیارێکیان هەبوو یان ئەگەر نەزانن چ کارێکیان لێ چاوەڕێ دەکرێت .

# سەرچاوە بەسوودەکان

ئەگەر کەوتیتە دۆخێک کە دڵنیا نیت چۆن تێیدا ڕەفتار بکەیت، بڕوات وایە کە ڕێساکە پێشێلکراوە، یان هەر پێویستت بە زانیاریی زیاتر هەیە، ئەوا قسە بکە !تکایە داوای یارمەتی بکە چونکە لە گرنگیی پرسیارکردن و باسکردنی نیگەرانییەکان تێدەگەین .ژمارەیەک سەرچاوە هەن کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ ڕاپۆرتکردن یان چارەسەرکردنی کێشەیەک، لە خوارەوە ڕیزکراون:

- سەرپەرشتیارەکەت، بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارەکەت، یان هەر بەڕێوەبەرێکی پلە-بەرز
- نوێنەری سەرچاوە مرۆییەکانت یان بەشی سەرچاوە مرۆییەکان
- ڕاوێژکاری یاسایی ناوخۆیی Amentum یان هەر ئەندامێکی بەشی یاسایی
- نووسینگەی ڕەوشتەکان و پابەندوونیAmentum
- هێڵی گەرمی ڕەوشتەکانی Amentum لە ڕێگەی :
  - سەردانیکردنیhttps://amentum.ethicspoint.com
  - پەیوەندیکردن بە 1-844-950-1964 (لە ناو ئەمریکا و کەنەدا)
  - پەیوەندیکردن بە ژمارە تایبەتەکانی هەر وڵاتێک کە لە سەر پۆستەری ڕەوشتەکان لە شوێنەکانت دانراون

تکایە سەیری پۆستەری هێڵی گەرمیی ڕەوشتەکان بکە لە نووسینگەکەت بۆ زانینی ژمارە تەلەفۆنی وڵاتەکەت یان سەردانی ماڵپەڕی OneJavelin بکە لەسەر تۆڕی ناوخۆیی بۆ سەیرکردنی پۆستەرەکانی هێڵی گەرمی ڕەوشتەکان .ژمارەی هێڵی گەرمیی بێ بەرامبەر لەلایەن کۆمپانیایەکی لایەنی سێهەم ڕۆژانە 24 کاتژمێر، هەموو ڕۆژێکی هەفتە و بە توانای زمانەوانیی جیهانییەوە کار دەکات .

هەموو ڕاپۆرتەکان بە خێرایی، بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ یاسای کارپێکراودا پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت .لێکۆڵینەوەکان تا زۆرترین ڕادەی شیاو بە نهێنی دەپارێزرێن .ئەگەر پێویست بکات، ڕەنگە Amentum هەندێک لێکۆڵینەوەی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی پەیوەندیدار ئاشکرا بکات

سەرەڕای ئەوەش، کارمەندان لە ماف و پاراستنەکانی کارمەندی دابینکەری زانیاری بەگوێرەی 10 U.S.C. 2409 ئاگادار دەکرێنەوە، "کارمەندانی بەڵێندەر: پاراستن لە تۆڵەسەندنەوە بەهۆی ئاشکراکردنی زانیاریی دیاریکراو،" وەکو لە، DFARS 203.9 پاراستنەکانی دابینکەری زانیاری بۆ کارمەندانی بەڵێندەر . یاساکانی پاراستنی دابینکەری زانیاری بە گشتی کۆمەڵێکی فراوانی ئاشکراکردنی پارێزراو لەخۆ دەگرێت، لەوانەش دابینکردنی زانیاری بۆ سەرپەرشتیارێک یان دەزگایەکی حکومی کە دابینکەری زانیاریی بڕوا دەکات ئەمانە دەسەلمێنێت:

- پێشێلکاریی یاسا، ڕێسا یان ڕێنمایی؛
- خراپ بەڕێوەبردنی گەشەسەندن؛
- بەفیڕودانی قەبارەی گەورەی پارە؛
- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات؛ یان
- مەترسییەکی گەورە و دیاریکراو لەسەر تەندروستی یان سەلامەتیی گشتی .

ئەگەر دەتەوێت ئەوە بکەیت، دەتوانیت نیگەرانییەکانت بۆ دەزگای حکومی پەیوەست لە فەرمانگەی پشکنەری گشتیی بەرز بکەیتەوە، وەکو 800-424-9098 بۆ وەزارەتی بەرگری.